

اسياسيل
تجمعنه سوه
www.asiacell.com
مركز خدمة المشتركين على الرقم ١١١

# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکـراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکـان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە سپۆنسەری کۆمپانیای (ئاسیا سێڵ) دەریدەکات
ژمارە (٥) ٢٠١٠/٢/١٣

## لەئاهەنگێکدا بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیریو لاوان
# شـــەش کتێبی نـــوێ پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کرا





ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٤، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د.کاوە مـەحمود وەزیـری ڕۆشـنبیریی هـەرێمی کوردستان، لـە ئاهەنگێکدا لـە هـۆڵی (دیـلان)ی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، شەش کتێبی نوێی نووسـەرو هونەرمەنـد یاسـین قـادر بـەرزنجی ناسـێنران‌و پێشکەش بـە کتێبخانـەی کـوردی‌و ئامادەبووان کران.

لـە ئاهەنگەکـەدا وەزیـری ڕۆشـنبیریی پیرۆزبـایی گـەرمی لـە (بـەرزنجی)ی نووسـەرو کارمەنـدی دێرینـی کتێبخانـەی گـشتی کـردو کتێبەکانی بە دیارییـەکی بـەنرخ بۆ کتێبخانـەی کوردیی لە قەڵەمدا.

ئەمەو وێڕای وتـەی بەڕێوەبـەری کتێبخانـەو تیپی شانۆی سالارو گۆڤاری شاکار، مامۆستایان (د. ئـاکۆ شـوانی، ئەحمـەد محەمـەد ئـابلاخی، شـێرکۆ مـەنگوڕی، شـێرزاد حەسـەن، عومـەر ئەحمـەد ڕەمـەزان‌و دڵـشاد مـستەفا) تیـشکیان خـستە سـەر چـاپکراوە هونـەری‌و ڕۆژنامەنووسییەکانی نووسەر.

لەلاپـەڕەی (٦)دا ڕاپۆرتێـك سـەبارەت درێژەی ئاهەنگەکە دەخوێنیتەوە.

# دیارییەکی تری سەرۆکی حکومەت بۆ کتێبخانەی سلێمانی

لـە درێژەی بەسـەرکردنەوەکـانیدا، بـەڕێز د. بەرهـەم ئەحمـەد ساڵح سـەرۆکی حکومـەتی هەرێم‌و (دۆستی دێرین‌و خـەمخۆری کتێبخانـەی گشتیی سلێمانی) ٢٥ کۆمپیوتەری پێشکەش بـە کتێبخانەکـە کـردو بـووە مایـەی پڕکردنـەوەی کەموکورتی ئەو ئامێرە لە هۆڵەکانی ئینتەرنێت‌و توێژینەوەو بەشەکانی تری کتێبخانەکەدا.

# لە بیارە کتێبخانەی گشتیی کرایەوە



**کامەران ئەحمەد**

دوا بـەدوای ڕەزامەنـدیی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری‌و بەکۆشـشی بەڕێوەبـەرێتی کتێبخانـەی گشتیی سلێمانی‌و بەڕێوەبەرایـەتی ناحیـەی بیـارە، ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٨و لەکەشـێکی بەفرینداو لەئاهەنگێکدا کتێبخانەی گشتیی بیارە بـەئامادەبوونی خـاتوو نوخـشە ناسـیح بەڕێوەبەری ناحیەی بیارەو بەڕێز ئاسۆ حەسەن بەڕێوەبـەری گـشتیی کتێبخانـە گـشتییەکان‌و بەڕێوەبـەرانی دام‌و دەزگـا حکومییـەکانی ناوچەکەو بەڕێوەبەرو ژمارەیەك لـە کارمەندانی کتێبخانـەی گـشتیی سـلێمانی، کتێبخانـەی گـشتیی بیـارە کرایەوە.

دوای بڕینـی شـریتی کتێبخانەکـە، سـروودو ئـاوازی منـدالانی بیـارە پێـشکەش کـراو ئینجا هەریەك لە بـەڕێزان بەڕێوەبـەری ناحیـەو بەڕێوەبـەری گـشتیی کتێبخانـەکان‌و محەمـەد عـەزیز خالیـد لێپرسـراوی کتێبخانـەی شارۆچـکەکان وتـاری خۆیـان پێـشکەش کـردو پاشـان هونەرمەنـد یاسـین قـادر بـەرزنجی پەخـشانێکی بـەو بۆنەیـەوە خوێنـدەوە، دوای ئـەویش مامۆسـتا ئـادەم بەشـیعرێکی بەسـۆز بۆنەکـەی ڕازانـدەوەو بەنمایـشێکی لاوانـی بیـارە کۆتایی بەئاهەنگەکە هات.

لەدرێژەی بۆنەکەدا، ئامادەبووان ژوورەکـانی کتێبخانەکـەیان بەسـەر کـردەوەو بەڕێوەبـەری ناحیـەو لێپرسـراوی کتێبخانەکـە داوای لەهـەموو لایەك کـرد بـە چـاپکراوی بـەنرخ کتێبخانەکـەیان دەوڵەمەند بکەن.

# باراك ئۆباما پاڵەوانی کتێبی منداڵان



**محەمەد مێرگەیی**

هەندێك ئاماری ئەمریکی ئاماژە بەوەدەکـەن کـە باسـی کەسـایەتی سـەرۆکی ئـەمریکا لـە کتێبەکانی منداڵاندا، لەماوەی یەك ساڵدا، زیاترە لە باسی ئەو کتێبانەی لەبارەی سەرۆکی پێشوو جـۆرج بـۆش لـە هـەر دوو خـولی سەرۆکایەتییەکەیدا بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆژنامـەی (المـستقبل)ی لوبنـانی دووپـاتیکردەوە تـا ئێـستا لـە ٦٠ کتێبـدا پاڵەوانەکـە ئۆبامایـە، یـاخود کەسـوکارەکەی، تەنانەت سەگەکەشی.

زۆرترینـی کتێبـەکان ئۆبامـا بەشـێوەی پاڵەوان پیشان دەدەن، تیایانـدا ئۆبامـا دەبێتـە ئـەو کاراکتـەرەی سپایدەرمان، یـان سـوپەرمان دەبـەزێنێت‌و بەسـەر زۆربـەی پاڵەوانـە ئەفسانەییەکاندا سەردەکەوێت.

پێشنیازێک

# کتێبخانەی شارۆچکەکان

هەر لە سەرەتای ئەم مانگـەدا، دوو کتێبخانـەی گـشتیی لەهـەردوو ناحیـەی (ژاراوە و بیـارە) کرانـەوە، بـەوەش دووژمارە چووە سـەر کـۆی کتێبخانـەی شارۆچکەکان.

دیـارە لەوەوبـەریش ژمارەیـەکی زۆر کتێبخانـە لـە شارۆچـکەکانی کوردستان کراونەتەوەو بوونەتـە مایـەی خۆشـحاڵی‌و سـوودبینینی خوێنـەرو خوێندکارانی ناوچە جیاوازەکان.

هەرچـەندە مانگانـە وەزارەت‌و ژمارەیـەك لـە دەزگاکـانی چـاپ‌و بڵاوکردنەوە، کتێبی بە نرخ دەگەێننە نێـو دۆڵابـی کتێبـەکانیان، بـەڵام لەسـەرجەم کتێبخانـەی شارۆچـکەکاندا کەموکوڕیی کادیری پسپۆڕ لـە زانستی کتێبخانەکانـدا گرفتێکـی بەرچـاوو کاریگەرن، هەر بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم لەنزیکترین وادەدا دەرچوونی ئەو بـوارە دابمـەزرێنێ بۆیـان، تـاوەکو خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە بەباشترین شێوە پێشکەش بکرێن.

بێجگـە لـەوەش، زۆربـەی کتێبخانـە گشتییەکانی قەزاو ناحییەکان، تا ئەمڕۆ کەرەسـتەی کتێبخانـەیی پێویـست‌و ئـامێری گرنگـی کۆمپیوتـەرو فۆتۆکۆپییـان کەمـە یـان هـەر نییـە، ئەمانـەو نـەبوونی کتێبخانـەی گـەورەش لەهەنـدێ لەشارۆچـکەکاندا گرفتـی یەکەمینـە، بـەهیوایـن حکومـەت‌و وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی ئـاوڕی خەمخۆرانەیان لێ بداتەوە.

**سەرنووسەر**



3 ملڤل دیوی‌و سیستمی دەیی


4 پرۆسەی خوێندنەوە


9 بەئەلکترۆنکردنی کتێبخانەکان



11 زانستی پێڕست‌و دۆکۆمێنتاری

# کتێبخانە گشتییەکان پێویستیان بە هاوڕێیان هەیە

**ئاسۆ حەسەن**

ڕەنگە ڕۆژانە گوێبیستی پەیڤەکانی (هاوڕێیانی بەرنامە، دۆستانی وەرزش، هەڤاڵانی حزب) یان (ئاژەڵ پارێزی، ژینگە پارێزی، مندالٚ پارێزی...هتد) ببین، کە ئەوانە کۆمەڵە کەسانێکن بەتاك یان بەگروپ، بۆ پارستن و هاریکاری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و وەرزش و وەرزشکاران، یان ئەو مندالٚ و ئافرەت و توێژە کۆمەلاٚیەتیانە، خۆبەخشانە ئەرك و چالاکی دەنوێنن. بەلاٚم زۆر کەم گوێبیستی ناوی کەسانێك دەبینین لەسیاسەتمەدار و نووسەر و ڕووناکبیر کە بەدۆستی کتێبخانە یان هاوڕێی کتێبخانە ناسراوبن، هەرچەندە ئەو کتێبەی لەنێو کتێبخانەکاندا هەن لەدێرینەوە تائەمڕۆ، باشترین دۆستی مرۆڤن.

جیهان لەسێبەری زانست و تەکنەلۆژیادا، زۆر خێرا بەرەوپێش دەڕوات، یەکێك لە هۆکارەکانی پێشڤەچوونی زانست و زانیاری مرۆڤ، کتێبخانەیە و تا ئەم سەردەمەش، کتێب دایکی هەموو داهێنانە زانستییەکانە. بۆیە گرینگیدان بەکتێب، دەولٚەمەند کردن و بەتەکنەلۆژیاو مۆدێرنکردنی کتێبخانەکان، ئەرکی هەموو لایەکەو تەنیا حکومەت و ئەو کارمەندانە بەرپرسار نین کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کتێبخانەیان خراوەتە ئەستۆ، بەلٚکە پێویستە لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریشدا، خەلٚکانێکی ڕووناکبیر، نووسەر، سیاسەتمەدار، بازرگان، سەرمایەدار و قوتابی هەبن، درك بە بوون و خزمەت و پێشخستنی کتێبخانە بکەن، کە هەلٚبەتە یارمەتی کۆمەلٚ و هاریکاری ئەوان، پالٚپشتێکی گرنگە بۆ ئەمرۆ و دەبێتە کلتورێکیش بۆ نەوەکانی داهاتوو کە هاریکاری کتێبخانە بکەن و کتێبیش بخوێننەوە، بەکتێبی ئەلکترۆنیشەوە.

**کێن دۆست یان هاوڕێکانی کتێبخانە؟**

دۆست یان هاوڕیٚ، یاخود هاوکارانی کتێبخانە، کۆمەڵە خەلٚکێکی ڕووناکبیرن بەکار و چالاکیی و بەخشین، یارمەتی پێشخستنی کتێبخانە گشییەکان دەدەن و خۆیان لەسەر شێوەی دەستە، گرووپ، ڕێکخراو و سەنتەر، ڕێکدەخەن بیٚ جیاوازی چینایەتی و پیشەو پلە و پایە. ڕەنگە لەنێو ئەو گرووپەدا: مامۆستا، خوێندکار، ئەندام پەرلەمان، سەرمایەدار، خانەنشینکراو و سیاسەتمەداری گەورەش هەبن کە هەندێکیان بە کۆمەکی مادیی و زانستی، هەندێکیشیان بەخۆبەخشین و کار و چالاکی، بەشداری دەکەن .

دەکرێت ئەو دەستە و گرووپانە بۆ هاریکاری یەك کتێبخانە، یان کتێبخانەی شارەکەیان، پارێزگاکەیان، یان تەواوی ولاٚت، خۆیان ڕێکبخەن و یارمەتی و کۆمەکی مادیی و تەنانەت مەعنەویش، بۆ کتێبخانەکان دەستەبەر بکەن، وەك: کتێب و ئامێر و کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای نویٚ، تەنانەت ئەندامیان هەیە، بەتایبەتی خانەنیشینکراوەکان، خۆبەخشانە بۆ یارمەتی کارمەندی کتێبخانە و خوێنەران، ڕۆژانە چەند کاژێرێك لە کتێبخانە دەوام دەکەن، یاخود هەولٚدەدەن کتێبخانەی نویٚ لەناوچەکانی خۆیان بکەنەوە. لەم بوارەدا، لە کوردستان ژمارەیەك قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و نووسەران و مامۆستا و گروپی لاوان و سەنتەرەکانی ڕۆشنبیری هەن، کەچی تا ئێستا وەك گروپ و کۆمەڵە خۆیان ڕێکنەخستووە، تا بەردەوامی بەکارەکانیان بدەن .

**هاوڕیٚ، یان دۆستانی کتێبخانە چی دەکەن!**

دەتوانین ئەرك و چالاکی گروپەکانی هاوڕێیانی کتێبخانە، لەم چەند خالٚەدا پوختە بکەین:

١– کۆکردنەوەی سەرمایە و داهات و دانانی سندوقێك لەڕێگەی ئابوونەی ئەندامانی گروپ:

أ–کۆمەك وەرگرتن لەوانەی باری ئابوورییان باشە وەك سەرمایەداران، بازرگان، خاوەنکار، کۆمپانیا و مووچەخۆرانی گەورەی دەولٚەت.

ب– سازدانی چالاکیی هونەری و کۆمەلاٚیەتی و ڕۆشنبیری و ئەو داهاتەی لە بانکهێشتکراوەکان، کۆی دەکەنەوە.

٢– بەخشینی ئامێر و کتێب، لەلایەن ئەندامان خۆیان و هاندانی نووسەر و ڕووناکبیرو هونەرمەندان و سەنتەرە کۆمەلاٚیەتی و ڕۆشنبیریەکان. بۆ نموونە دەیان نووسەر و ڕووناکبیر و هونەرمەند کتێبخانەی تایبەتی خۆیان، یان بەشێکیان بە کتێبخانە گشتییەکان بەخشیوە.

٣– خۆبەخشانە کارکردن لە کتێبخانەکان بەتایبەتی ئەو کتێبخانانەی پێویستیان بە کارمەند و پسپۆڕی ئەو بوارە هەیە.

٤– ڕێکلام و پڕوپاگەندە کردن بۆ بوون و سوودەکانی کتێبخانە و کتێب و هۆشیارکردنەوەی خەلٚك و قوتابیان و گەنجان، بۆ خوێندنەوە ئەمەش لەڕێگەی:

أ – نووسین و دەرکردنی نامیلکە و بلاٚوکراوەی تایبەت.

ب – نووسین لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان و دیدارو هەڤپەیڤین لەگەلٚ پسپۆڕانی کتێبخانەو زانیاریەکان.

ج– نووسین لە مالٚپەرەکانی ئینتەرنێتو پەیوەندیکردن لەگەلٚ ئەوانەی چاوەڕوانی کۆمەکیان لێدەکرێت.

د– کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینار دەربارەی سوودەکانی کتێب و خوێندنەوە و بوونی کتێبخانەی گشتی لە گەڕەك و شارو شارۆچکە و شارە دێیەکان.

ه– یەکێك لە چالاکییە گرنگەکانی گروپی هاوڕێیانی کتێبخانەی گشتی، یارمەتیدانی نووسەرو ڕووناکبیرانی پیرو پەککەوتەیە کە دەتوانن بە ئوتومبێلی خۆیان بیانهێنن بۆ کتێبخانەو بیانبەنەوە، یان سەردانیان بکەنو پێویستیان بە چ کتێبێك هەبوو لەکتێبخانەی گشتی، بۆیان بەرنە مالٚەوە.

**هاوڕێیانی کتێبخانە لە جیهانی پێشکەتوودا**

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکەمین گروپی هاوڕێیانی کتێبخانە لەسالٚی ١٩١٣ لە فەرنسا دامەزراوە، بەلاٚم هەندێك دەلٚێن لە سالٚی (١٩٠٤)وە گروپی کتێبخانە لە ئەلٚمانیا هەبوو، هەروەها لە سەرەتای سەدەی رابردووەوە تا ئێستا، دۆستانی کتێبخانە لە بەریتانیا چالاك و بەبڕشت بوون و چەندین کتێبخانەی گشتییان لە دارمان و داخستن رزگار کردووە. ئێستا لە بەریتانیادا پتر لە دووسەد گروپی هاوڕێیانی کتێبخانە هەیە. لە ئەمێریکا ژمارەی دەستەو گروپەکان دەگاتە نزیکەی سیٚ هەزار گروپ و کۆمەلٚەی وایشی تێدایە کە نزیکەی یەك ملیۆن ئەندامی هەیە. لە ئوستراليادا (١٦٠) گروپ و کۆمەلٚەی هاوڕییٚ کتێبخانە هەیە... ئەمانەش لەو کاتەدایە کە ئەو دەولٚەتانە پێشکەتوون و خودان سەرمایەو داهاتی زۆرن، حکومەتەکانیان دەشێن کتێبخانەی نویٚ بکەنەوەو کتێبخانە کۆنەکانیشیان بپارێزن و پێشبخەن.

سەبارەت بەکۆماری کۆریای باشووریش، بیرۆکەی دامەزراندنی گروپ و کۆمەلٚەی تایبەت بە کتێبخانەکان لەسالٚی (٢٠٠٥) گەیشتووەتە ئەویٚ و ئێستا دەیان دەستە و کۆمەلٚە و گروپیان هەیە، لەوانەش گروپی هاوڕێیانی کتێبخانەی دیجیتالٚ، کە دەیانەویٚ هاوکاری بۆ بە ئەلکترۆنیکردنی کتێبخانە گشتییەکان، پێشکەش بکەن.

# ئەمینداری کتێبخانە لە داهاتوودا

**ئا. دلێر میرزا**




کاتیٚ گوێمان لە ناوی ئەمینداری کتێبخانە دەبێت، یەکسەر ئەو کارمەندە کلاسیکییە دێتە بەرچاومان کە خۆی سەرقالٚ و مژوولٚی کتێب و دەستنووسەکان دەکات. جاران بەرپرسێتیی کتێبخانە لە ئەستۆی زانایان و توێژەران یان رۆشنبیران دەنرا کە ئاشنای کتێب بوون. دیارە ئەو وەرچەرخانە روونەی لە چاخی زانیارییەکاندا رووی دا، چیتر ڕێگە بە ئەمینداری کتێبخانە نادات، تەنیٚ پاسەوانی کتێب یان کتێبخانە بێت و چیتر ئەرکی ئەوە نابێت کە مادەکان هەلٚبژێرێت و ڕێکیان بخات و دواتر پێشکەشیان بکات. تێڕوانینی نوێی سەردەمی خێرایی لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا، وامان لێدەکات نیازی زۆرمان هەبێت بە پسپۆری کتێبخانە لە داهاتوودا کە مامەلٚە لەگەلٚ کۆمپیوتەردا دەکات، واتە ئەو کەسەی زانیارییەکان دەبینێت، بیٚ ئەوەی بەر دەستی بکەون و بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، پێوەندی بە گشت تۆڕ و سایتەکانی ئەلکترۆنی لە سەرانسەری جیهاندا دەکات.

لە سەروبەندی ئەم شۆڕشە زانیاریی و تەکنیکییەدا، شتێك راست دەبێتەوە کە یەکجار گرنگە، ئەویش پێویستیی پسپۆری کتێبخانەیە لە داهاتوودا، بە مەشق و راهێنان و نوێکردنەوەی زانیارییەکان و لێهاتوویی و توانستەکانی لە بواری پسپۆرییەکەیدا. ئەمەیش جەختکردنەوەیە لە سەر زاراوەی فێرکردنی بەردەوام و بیٚ دابڕان کە بە مانای پەرەپێدانی زانیارییەکانە لە بواری پسپۆریدا. لەو فاکتەرانەی بوونەتە هۆی بەرپابوونی کتێبخانەی ئەلکترۆنی. هاوکاریی جدی لە نێوان کۆمەلٚە پیشەییەکان و ئامادەکاریی پیشەیی نویٚ و پێگەیاندنی کادیری پیشەیی کە توانستی خۆگونجاندنی لەگەلٚ ئایندەدا هەبێت. هاوکاریی جدی لە نێوان هاوکاران لە بواری پسپۆرییەکەدا و جەختکردن لە سەر مەشق و راهێنانی بەردەوام. بۆیە کتێبخانەی ئایندە، جیاوازییەکی روونی لەگەلٚ کتێبخانەی کلاسیکیدا هەیە، لەوانە، دانانی گەنجینەی زانیارییە ئەلکترۆنییەکان لە شوێنی چاپەمەنییەکان و گواستنەوەی پیشەسازیی پەخش لە چاپی سەر کاغەزەوە بۆ پەخشی ئەلکترۆنی، هەروەها ژمارەی کارمەندانی کتێبخانە و قەوارەی ناوەڕۆکەکانی کەم دەبێتەوە، کاری تەواوی ئەمینداری کتێبخانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، بە ئاسانترین ڕێگە خواستی خوازیارانی زانیاری بەدیبهێنێت، لە بری بەفیڕۆدانی کات بە کارە کلاسیکییە رۆتینییەکانەوە.

کارمەندی کتێبخانە لە سەردەمی تەکنۆلۆژیدا، دۆخێکی لەبارتری هەیە وەك لە جاران، هەموو پێداویستییەکان بە شێوەی ئەلکترۆنی زەخیرە کراون و دەتوانێت هەر یەکێك لە بەلٚگەنامەکان بخاتە بەردەست، ئەگەر بەلٚگەنامەیەك نەبوو، ئەوا لە ڕێگەی فاکسەوە دەتوانێت کۆپی وێنەداری لە شوێنی دوورەوە بهێنێت، واتە لە سایەی کتێبخانەی ئەلکترۆنیدا، دەبیٚ ئەمینداری کتێبخانە بایەخ بە بەلٚگەنامەکان و پێڕستەکانیان بگۆڕێت بە بایەخدان بەو خوێنەر و توێژەرانەی سوود وەردەگرن. بەمەیش رۆلٚی ئەمینداری کتێبخانە بۆ پسپۆری زانیارییەکان یان پێشەنگی زانیارییەکان، بەرز دەبێتەوە، چونکە ئەم پێشکەوتنانەی ئەمێستا پێویستییان بە زانیاریی زۆر هەیە، پسپۆری زانیارییەکان گەلیٚ جار دەبیٚ لە پالٚ کۆمپیوتەردا هەلٚبنیشێت و لەوێوە پێوەندی بە تۆڕ و سایتە ئەلکترۆنییەکانەوە بکات، لە سەرانسەری جیهاندا، بۆ دەستەبەرکردنی زانیارییەوکان و کۆکردنەوەیان، چونکە پسپۆری زانیارییەکان بریتییە لە ئەمینداریکی سەربەخۆی کتێبخانە کە بۆ خۆی کار دەکات، هەر ئەویش بەرپرسە لە نوێکردنەوەی زانیارییەکانی، بۆ ئەوەی لە سەردەمەکە دانەبڕێت.

ئەمینداری کتێبخانە دەبێت بە ئەمینداری زانیارییەکان کە دەزگای کۆمپیوتەرە، تا بتوانێت لە کتێبخانە لەگەلٚ دەقە ئەلکترۆنییەکان و تۆڕ و سایتەکانی زانیارییەکان و خانەکانی پەخشدا، کار بکات. دیارە کۆمپیوتەر یارمەتیی زۆری ئەمینداری کتێبخانە یان پسپۆری زانیارییەکان دەدات، لەو کارە رۆتینییانەی لە ناو کتێبخانەدا دووبارە دەبنەوە، واش لە ئەمینداری کتێبخانە دەکات کە خێراتر بەلٚگەنامە و زانیارییەکان بگێڕێتەوە. لەبەرئەوەی بابەتەکانی زانیاری زۆر و هەمەچەشنەن و بەپێی خواستی خەلٚکی و جۆراوجۆری نیازەکانیان، دەگۆڕێن، بۆیە فێربوونی بەردەوام بووە بە نیازێك کە گۆڕانکارییەکانی سەردەم و ئەو زانیارییە زۆرانە دەیسەپێنن کە ژیانی کردەیی پڕ کردووە لە زاراوە و دەستەواژە و وشەی زۆر، ئیتر وایلێهاتووە دەستەواژەی بەردەوامیی فێربوون، خۆی لە پەرەپێدان و نوێکردنەوەی زانیارییەکانی تاك لە بواری پسپۆرییەکەیدا دەبینێتەوە، چونکە زانیارییەکان بریتیین لە بەردی بناخەی چارەنووس و مانەوەی مرۆڤ، لە سەروبەندی ئەم گۆڕانکاری و وەرچەخانانەدا، چەندین ئەرك و ناو و نازناوی نویٚ بۆ ئەمینداری کتێبخانە پەیدابوون، لەوانە: ئەندازیاری زانیاری، راوێژکاری زانیاری، بەڕێوەبەری زانیارییەکان، ئەمینداری کتێبخانە لە داهاتوودا و... هتد.

گومانی تێدا نییە، خێرایی گەیاندنی زانیارییەکان، گەورەترین تایبەتمەندیی خزمەتگوزاریی ئەلکترۆنییە، وێڕای ئەوەی پێویستە لە سەر کتێبخانە ئەلکترۆنییەکان مامەلٚە لەگەلٚ ئەندازیارانی کۆمپیوتەر و بەرنامەڕێژان و دانەرانی بەرنامەکاندا بکەن، بۆ دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەلٚ ئامرازە نوێکانی تەکنۆلۆژیدا، ئەمەیش دەخوازێت ئەمینداری کتێبخانە لە داهاتوودا، رێبەر و راهێنەر بێت بۆ ئەوانەی سوود لە بەکارهێنانی سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان و شیکردنەوەی زانیارییەکان، وەردەگرن. بۆیە پێویستە پسپۆری زانیارییەکان، زانیاری لە سەر زانستی کۆمپیوتەر، زانستی کتێبخانە و زانیارییەکان، زانستی پێوەندی، زانستی کارگێڕی هەبێت. ئیتر پێویستە لە سایەی ئەم پەرەسەندنانەی سەردەمدا، ئەمینداری کتێبخانە لە رووی ئەکادیمییەوە ئامادەکرابێت بۆ راییکردنی کاری پسپۆری، دیارە ئەم راهێنانە بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێت، ئەوەتا لە سەردەمی تەکنۆلۆژیی زانیارییەکان و سەرهەلٚدانی تەون و تۆریٚ جالٚجالۆکیی ئینتەرنێت و فراوانی زانیارییەکاندا، ئەمە پێویستی بەوە هەیە کەسانی بەتوانست و لێهاتوو و راهێنراو، لە سەر ئاستی تەکنۆلۆژیی بەرز هەبن، تا بتوانن مامەلٚە لەگەلٚ ئەو زانیارییە بەلێشاوانەدا بکەن.

چالاکیی کتێبخانەکان و پسپۆرانی زانیارییەکان لە سەردەمی ئینتەرنێتدا، بەم جۆرە پۆلێن کراوە:

ڕێگە خۆشکردن بۆ گەیشتن بە ئینتەرنێت: بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بارودۆخی مادییان نالەبارە.

پەیداکردنی زانیاری: چونکە زۆربەی ئەو زانیارییانەی لە تۆڕی جیهانیدا چیٚ کراون، ڕێکنەخراون و پێویستیان بە توانست و لێهاتوویییە بۆ ڕێکخستنەوەیان و هێنانیان.

فێرکردن: ئەویش لە ڕێگەی کردنەوەی خولی راهێنان و فێرکردنەوە، بۆ هێنانی زانیارییەکان.

پەخش: دەکریٚ پسپۆڕانی زانیارییەکان، سایتەکانی ئینتەرنێت دیزاین بکەن، بۆ پەخشی زانیارییەکان لەلایەن بەشداربوانەوە.

هەلٚسەنگاندنی زانیارییەکان: پەخشکاران هەلٚدەسان بە هەلٚسەنگاندنی ئەو زانیارییانەی پەخشیان دەکرد، بەپێی چەند پێوەرێکی دیاریکراو، کەچی تۆڕی ئینتەرنێت کراوەیە بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت هەر زانیارییەك بلاٚوبکاتەوە، بیٚ ئەوی هەلٚیبسەنگێنێت یاخود لە راستی و دروستییەکەی دلٚنیابێت.

ڕێکخستنی زانیارییەکان: پسپۆری زانیارییەکان دەتوانێت کردە هونەرییەکان ئەنجام بدات، وەکو: پێڕستکردن یان پێڕستکردنی چەند بەشێك لە کتێبە ئەلکترۆنییەکان، یاخود هەندیٚ دەق کە سەر بەیەك بابەت بن.

**سەرچاوە: بەرنامەی کۆنگرەی دوانزەی کتێبخانەکان و زانیارییەکان سەبارەت بە کتێبخانە عەرەبییەکان لە سەرەتای هەزارەی سێیەم. شاریقە، زانکۆی شاریقە.**

## ئەم کتێبە

• **پ.د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ**

ئەمجارە بڵێم ئەم کتێبە یا ئەم کتێبانە، نیازم وابوو لەڕیز لادەمو مەرج نییە هەریەك بەدوای یەكدا لەو كتێبانە بدوێم كە خوێندوومنەتەوە، بەڵكو جاروبار باز بەسەر چەند كتێبێكدا یا (زەمان)دا بدەم. بەڵام شتێكیتر كە هەر دێمەوە سەری هێنامییەوە ریزو سەركتێبی عەرەبی، كە ئەو سەردەمە، واتە ساڵانی چلو پەنجای سەدەی بیست سەرچاوەی فێربوونو خوێندنەوەمان بوو.

سێ كوچكەیەكی عەرەبی هەبوو كە ئەو نەوەیەی ئێمە، بەدوای یەك لەدوای یەكی كتێبەكانیاندا دەگەڕاین. ئەو جۆرە خوێندنەوەیە لەگەڵ چەند كەسدا بەیەكییەوە دەبەستین، بەتایبەتی براو هاوڕێی تا ئەمڕۆم د.كەمال فوئاد.

ئەو سێ كوچكەیە (قەدری قەلعەچی، جورجی زێدان، عومەر فاخووری) بوون، هەرچەندە ئەوی دووەمیان لەڕووی بیرەوە لەو دوانەیتر جیابوو. بەڵام دێمەوە سەر باسیو سەر شێوە (مێژوو بەڕۆمانكردن) كە ئەو لایەنەی هونەر بەلای ئەودا رایكێشابووین.

قەدری قەلعەچی نووسەرێكی تواناو خاوەن بیری سووریە بوو، زنجیرەیەكی نووسیبوو بەناوی(أعلام الحریة) وە، واتە(ئاڵاكانی، یا ناودارەكانی ئازادی)یەوە، لەسەرەتای مێژوو و ئادەمیزادەوە هێنابووی، هەر كتێبە باسی كەسێك بوو و لەژێر ناوەكەیدا لەقەبێك یا سیفەتێكی دابوویە، لە(سپارتاكۆس)ی سەركردەی كۆیلەكانەوە بۆ(دیمۆستین)و بەرەو رۆژهەڵاتو (سەلاحەدین)ی ئێمە، كەناوی نابوو(رجل غیر وجه التأریخ)، واتە(پیاوێك كەڕووی مێژووی گۆڕی). بەڵێ: قارەمانی رۆژهەڵاتو ئیسلام بوو و داگیركەرانو (ئەپسوور یا پێخاوسی، بێكاری ئەوروپا)ی گێڕایە دواوەو تا سەدەی نۆزدەهەم نەهاتنەوە بەم ناوەداو دەوڵەتی كوردی ئەیووبیی دروستكرد. بەڕاستی رووی مێژووی گۆڕیو تا ئێستا لای هوشیاران شانازیی هەموو رۆژهەڵاتە.

هەر لەو زنجیرەیەدا جەمالەدینی ئەفغانیش بوو، كە ئەویش خەڵكی(ئەسەد ئاباد)ی لای كرماشانەو كراوە بەخەڵكی ئەسەدئابادی ئەفغانستان، كە ئەوەش موناقەشەی لەسەرە. بەڵام وەك لەم ساڵانەدا رووناكبیرێكی (ئەسەدئاباد)ی لای خۆمان پێی وتم: با بڵێین: موڵكی مرۆڤایەتییەو بەو جۆرە بەر ئێمەش دەكەوێو لەو موناقەشەیە رزگارمان دەبێت. چونكە كوردو زۆر ئاڵای لەو ئاڵایانەی ئازادی بەردەكەوێت بۆ نموونە: محەمەد عەبدە، عەبدورەحمان كەواكیبی، حەیدەری..هتد.

لێرەدا كارەكەم وەستان نییە لای یەك بەیەك ئەو ناودارانەی ئازادیی، كە قەدری قەلعەچی زۆر بەڕەنگینی چەند كتێبی بەنرخی لەبارەیانەوە نووسی، هەروەك باسی ئەو لاپەڕە خەمناكەی ئەم دووایيەی قەلعەچی ناكەم، كەبوو بەسكرتێری دیكتاتۆری سووریا ئەدیب شیشەكلیو كتێبێكی لەو سەردەمەدا نووسی كە رەنگە دەرفەت بێتە پێشەوە باسێكی بكەمو لەچەند دێڕێكی شۆڤینییانەی بدوێم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەلعەچی زۆری بەئێمە بەخشی، چ لەڕووی بیرو چ لەڕووی هونەری نووسینو مێژووەوە، بەڵام كە لایدا كوژایەوە، بەداخەوە!

بۆ وتارەكانی داهاتوو و باسی كتێبەكانیتری ئەو سێ كوچكە بەرزە.

---

لەکتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی نێودەوڵەتیی ستۆکهۆڵم




**ئا. ساكار عەلی عەبدوڵلا**

كتێبخانەی نێودەوڵەتیی، كە سەر بە كتێبخانەی گشتی ستۆكهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سویدە، دەكەوێتە سەنتەری شارەكەو لەسەر شەقامی (ئۆدن)ـە.

لەم كتێبخانە گەورەیەدا، (٢٠٠) هەزار كتێب بە (١٢٠) زمانی جیاواز چنگ دەكەوێت و سەرچاوەكان لە بابەتی جۆراو جۆرن.

كتێبخانەكە لە شەش نهۆم پێكهاتووە و سیانیان بە رووی هامشۆكەراندا كراوەیەو ئەوانی تر بۆ كارمەندان و پاراستنی سەرچاوەكان، تەرخانن.

بەپێی (یاسای كتێبخانەكان) كە دەبێ لە سنووری هەر شارەوانییەكدا كتێبخانەیەك دابمەزرێ، ئەم كتێبخانەیە دەرگاكانی لە رووی خوێنەردا واڵایەو هەموو كەسێك بێ بەرامبەر، سوودی لێ وەردەگرن، ئەمە بێجگە لەوەی لەرێی كەناڵەكانی پەیوەندییەوە و بەتایبەت (On line– هێڵی راستەوخۆی تۆڕەكانی ئینتەرنێت) لە هەر جێگایەكی دنیاوە دەتوانرێ سوود لە سەرچاوەكانی ئەم كتێبخانەیە وەربگیرێت.

### رۆڵی كتێبخانەكە وەك سەرچاوەیەكی روناكبیری

بێجگە لە خوێندنەوە و سوود وەرگرتن لە نێو هۆڵ و بەشەكانی كتێبخانەكەدا، جێی بایەخی كتێبخانەی نێو دەوڵەتییە، بەردەوام



نمایشی شانۆییان بۆ پێشكەش كردنی چیرۆك و داستانەكان بۆ ئەنجام دەدرێت، هەرچۆن رۆڵی مەزنی بۆ راهێنانیان لەسەر پرۆسەی خوێندنەوەو دەستگرتنیان بۆ فێربوونی نووسین هەیە، هەر لەتەمەنی منداڵییەوە.

بێجگە لە وانەش، كتێبخانە پێشوازی لە نووسەرو شاعیران دەكات بۆ خوێندنەوەی تێكستەكانیان، لایەنێكی گرنگی دیكەش بریتییە لە هاوكاری پیرو كەمئەندامان، ئەویش بە بردنی سەرچاوەكان بۆ بەردەستیان لەرێی ئۆتومبیلی تایبەت و كتێبخانەی گەرۆكەوە و بەپێی بەرنامەی باش دارێژراو.

### سیستمی خواستن

خواستن بەهۆی كارتی تایبەتی خواستنەوە دەبێت كە بێبەرامبەرە، ئەو كارتە بەرامبەر بە پێناسەی خوێنەر، بەو كەسانە دەدرێ كە تەمەنیان ژوور ١٨ ساڵە، بۆ خوار ئەو تەمەنەش، پێویستە دایك و باوكان ئەنكێتی خواستنیان بۆ پڕ بكەنەوە و ئیمزای لەسەر بكەن، بەرامبەر وەرگرتنی كارتەكەش بۆیان، بەرپرسیاری دەكەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە.

بەكارهێنانی كارتی خواستن تەنیا بۆ یەك كەسەو سەبارەت بە خوێنەری سوودمەند، سەرجەم زانیارییەكانی لەسەر تۆمار دەكرێت.

### چۆنێتی خواستن

كەسێ كتێب بخوازێت، دەبێ زانیاریی تەواو سەبارەت خۆی، بە شێوەیەكی بەردەوام بگەیەنێتە كتێبخانەكە، هەروەها دەبێ كە ناونیشانی گۆڕی، یان كتێبی دواخست، كتێبخانەیان لێ ئاگادار بكاتەوە.

بەپێچەوانەوە بۆ دواكەوتنی كتێب، بەپێی ژمارەی رۆژەكان لەرێی پۆستەوە، پارە لە خوێنەرەكە دەسێنرێت، وەك لێپرسینەوەی سەرپێچی كتێبخانەكە.

خوێنەر دەتوانێت بۆ ماوەی چوار هەفتە كتێب و CD بخوازێ، بەڵام تەواوی ڤیدیۆ و هەندێك لە خولاوەكان لە (گۆڤارو رۆژنامەكان) ماوەی خواستنیان، هەفتەیەكە.

دیارە وادەی گەڕاندنەوەی سەرچاوەی خوازراو لەسەر كارتی خواستن، دیاریكراوە، تازەكردنەوەی تەنیا دووجار دەبێ، ئەویش لەبەر ئەگەری چاوەروانیی خوێنەری تر بۆیان.

لە كاتی خواستندا، ناونیشانی كتێبەكە بەزمانی سویدی لەگەڵ ژمارەی (I.S.B.N) واتە ژمارەی نێودەوڵەتیی كتێبەكەوە، تۆمار دەكرێت، لەكاتێكدا سەرچاوەی داواكراو لەم كتێبخانەیەدا نەبوو، ئەوا پەیوەندیی بە كتێبخانەیەكی ترەوە دەبەسترێت بۆ پەیداكردنی.

مایەوە بڵێین، كە كارمەندانی ئەم كتێبخانەیە، زمانی جیاواز دەزانن لەپێناو رایی كردنی دڵخوازیی خوێنەران.

### دەوام بەم جۆرەیە

– رۆژانی دووشەممە تا پێنج شەممە: لە سەعات ٩ی بەیانی تا ٨ی شەو.

– رۆژانی هەینی: لە سەعات ٩ تا ٧ی ئێوارە.

– رۆژانی شەممەو یەك شەممە: لە سەعات ١٢ی نیوەڕۆ تا ٤ی عەسر.

– بەڵام رۆژانی پشوو و هاوین، كتێبخانەكە دادەخرێت.

www.interbib.se



---

# ملڤل دیوی و سیستمی دەیی

**ئا. تابان حەسەن**

ملڤل لویس كوسوس دیوی، ١٠/ ١٢/١٨٥١ لەشاری ئەدیس لە نیویۆرك لە دایك بووە. دوای تەواوكردنی خوێندنی ناوەندی، لەساڵی ١٨٧٤ لە كۆلێژی (ئەمهیرست) بەشی ماتماتیكی زانكۆی ئەلڤرد تەواو دەكات و لە هەمان كۆلیژو لەهەمان ساڵدا وەك یاریدەدەری ئەمینداری كتێبخانە دامەزراوە. ساڵی ١٨٧٣ بنچینەی پۆلێنە بەناوبانگەكەی داناوە. لەساڵی ١٨٧٦ بەشداری لە دامەزراندنی كۆمەڵەی كتێبخانەكانی ئەمەریكا (A.L.A) كرد، لە هەمان ساڵدا توانی ببێتە سەرنووسەری گۆڤاری ( Library journoI) و هەر لەو ساڵەدا، یەكەمین چاپی پۆلێنە بەناوبانگەكەی بڵاو بووەوەو بەشداری لە دامەزراندنی كۆمەڵەی كتێبخانەكانی بەریتانیا كردووە. یەكەمین قوتابخانەی فێربوونی زانستی لەساڵی ١٨٨٧ دامەزراندووە، پاشان لەساڵی ١٨٨٩ لە كتێبخانەی (نوێرك) دامەزرا، یەكەم یانەی بەناوبانگی كتێبخانەی (لیك بلاسید) دامەزراندووە و لەساڵی ١٩٠٤ بووەتە بەڕێوەبەر لە كتێبخانەكە، لەساڵی ١٩٠٦ پەیمانگای ئەمەریكی بۆ زانستی كتێبخانە دامەزراندووەو لە ٢٦/ ١٢/ ١٩٣١ كۆچی دوایی كردووە، كە تەمەنی هەشتا ساڵ بووە.

ملڤل دیوی، یەكێكە لە زانای ئەمەریكی كە لە ساڵی ١٨٧٦ پۆلینی (دیوی دەیی) دۆزییەوەو لەم پۆلێنەدا تەنها ژمارەی بەكار هێناوە.

پۆلێنی دیوی دەیی، ئەم پۆلێنە یەكەم سیستمی پۆلێنە لە سیستمەكانی پۆلێن كردن لە كتێبخانەدا، بە واتای تازە، هەروەها بە بەناوبانگترینیشیان دادەنرێت، ئەم سیستمە هەڵدەستێ بە دابەش كردنی بەشەكانی زانستە مرۆڤایەتییەكان بۆ (١٠) بەشی سەرەكی، هەر بەشێكی سەرەكی دابەش دەبێت بۆ (١٠) پۆلی تر، ئەویش بەشە سەرەكێكانی بابەتەكە جیا دەكاتەوە، هەروەها پۆلێك دابەش دەبێت بەسەر (١٠) لقی تردا بەپێی بابەتەكانیان، هەروەها ئەویش دابەش دەبێت بەسەر (١٠) لقی تردا ...هتد، دەتوانێت بەردەوام بێت، ئەم ژمارانە بێ كۆتاییە.

بەكارهێنانی سیستمی دیوی لەسەر ئاستی جیهان:

سیستمی پۆلێنی دیوی دەیی، بەفراوانترین سیستمی پۆلێن دادەنرێت لەكتێبخانەكانی جیهاندا، لەرووی بەكارهێناندا، ئەم سیستمە زیاتر لە (١٣٥) وڵات بەكارهاتووەو بۆ زیاتر لە (٣٥) زمانیش وەرگێڕدراوە. كە هەندێكیان بریتین لە زمانی: عەرەبی، چینی، فەرەنسی، یۆنانی، عیبری، ئیتالی، فارسی، روسی، ئیسپانی، توركی، هەروەها ئەم سیستمە لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا، زیاتر لە ٩٥٪ ی كتێبخانە گشتییەكان و كتێبخانەی قوتابخانەكان، بەكاری دەهێنن، لە ٢٥٪ی كتێبخانەی كۆلێژو زانكۆكان و كتێبخانەی تایبەتمەند ئەم سیستمە بەكاردەهێنن كە دیوی داناوە. سیستمەكەش بەكورتی بەم جۆرەیە:

٠٠٠ بابەتە گشتییەكان، ١٠٠ فەلسەفە، ٢٠٠ ئایینەكان، ٣٠٠ زانستە كۆمەڵایەتییەكان، ٤٠٠ زمانەكان، ٥٠٠ زانستە سروشتییەكان، ٦٠٠ زانستە پراكتییەكان، ٧٠٠ هونەرە جوانەكان، ٨٠٠ ئەدەبیات، ٩٠٠ مێژوو، جوگرافیاو یاداشت.

سیستمی دیوی هەڵدەستێت بە بەكارهێنانی ناوی بابەتی سەرچاوەكان وەك ئامێرێك بۆ رێكخستنی پەیكەری زانیارییەكانو گەڕانەوەی ئەو زانیارییانە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت، بۆیە ئەم سیستمە وای لێ دەكات، كە ئاڵوگۆڕەكە لەسەر ئاستی جیهانی بێت، بەردەوام گۆڕانو چاكردنی تێدایە بەپێی ئەو گۆرانكاریو پێشكەوتنەی كە روو دەدات، بۆ دەست كەوتنی زانیاری لە كتێبخانە ئاساییەكاندا.

چاپەكانی (ملڤل دیوی) لە سیستمی دیوی دەیی بەم شێوەیە بوو:

چاپی یەك، ساڵی ١٨٧٦، (٤٢) ل. چاپی دوو، ساڵی ١٨٨٥، (٣١٤) ل، چاپی سێ، ساڵی ١٨٨٨، (٤١٦) ل، چاپی چوار، ساڵی ١٨٩١، (٤٦٦) ل، چاپی پێنج، ساڵی ١٨٩٤، (٤٦٧) ل، چاپی شەش، ساڵی ١٨٩٩، (٥١١) ل، چاپی حەوت، ساڵی ١٩١١، (٨٩٢) ل، چاپی هەشت، ساڵی ١٩١٣، (٨٥٠) ل، چاپی نۆ، ساڵی ١٩١٥، (٨٥٦) ل، چاپی دە، ساڵی ١٩١٩، (٩٤٠) ل، چاپی یانزە، ساڵی ١٩٢٢، (٩٨٨) ل، چاپی دوانزە، ساڵی ١٩٢٧، (١٢٤٣) ل، چاپی سیانزە، ساڵی ١٩٣٢، (١٦٤٧) ل، چاپی چواردە، ساڵی ١٩٤٢، (١٩٢٧) ل، چاپی پانزە بەدووجار دەرچووە، لەبەرئەوەی جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێكردو چاپەكان بەم شێوەیە دەرچوو: ساڵی ١٩٥١، (٧١٦) لاپەڕەی لێ دەرچووە، ساڵی ١٩٥٢، (٩٢٧) لاپەڕەی تری لێ دەرچووە، چاپی شانزە، ساڵی ١٩٥٨، (٢٤٣٩) ل، چاپی حەڤدە، ساڵی ١٩٥٦، (٢٤٨٠) ل، چاپی هەژدە، ساڵی ١٩٧١، (٢٦٨٥) ل، چاپی نۆزدە، ساڵی ١٩٧٩، (٢٦٩٥) ل، چاپی بیست، ساڵی ١٩٨٩، (٣٢٨٢) ل، چاپی بیست و یەك، ساڵی ١٩٩٦، (٤٠٣٧) ل، چاپی بیست و دوو، ساڵی ٢٠٠٣، (٣٩٨٢) لاپەڕەیە.

**لە ئینتەرنێتەوە**

# ئاوڕدانەوەیەك
# لە پرۆسەی خوێندنەوە و ئامانجەکانی

(١-٢)

**یاسین قادر بەرزنجی**

لەزوودا گوتراوە (مالرۆ) ٣٠ هەزار دانە لە هەر کتێبێکی دەفرۆشێت، بەڵام ئەمرۆ فەیلەسووفێکی وەکو (مێشێل ئۆنفری) پڕفرۆشترین نووسەرە کە تیراژی کتێبەکانی گەیشتووەتە ٢٠٠ هەزار دانە، دوا کتێبی (معاهده الالحاد) کە بۆ ٢٠ زمان وەرگێڕدراوە، بەو تیراژە بڵاوکراوەتەوە، ئەوانە لەگەڵ زۆربوونی سەرچاوەکانی زانیاریدا، هێشتا خوێنەری کتێبە جدییەکان لەسەر خوێندنەوە بەردەوامن.

ئەو نووسەرە دەڵێ: دوای خوێندنەوەی مارکس، فەلسەفەم خۆشویست، چونکە چەوسانەوەی خۆمم لەلایەن باوکمەوە دەخاتەوە یاد، هەروەها (نیتشە)شم خۆشویست، چونکە لەوەوە فێربووم چۆن چۆنی بژیم.

سەیر لەوەدایە، ئەو فەیلەسووفە ساڵی ١٩٨٠ وەك توێژەرێ سەربارەت خۆراك بەرهەمی نووسیوە و کتێبێکی بەناونیشانی "ئەو نەخۆشییانەی تووشی گەدە دەبن" دەرکردووە، بەڵام ساڵی ١٩٩٧ کە کتێبی فەلسەفەی "سیاسەتی یاخیبوون"ی چاپکراوە، ٣٥ هەزار دانەی لێفرۆشراوە.

ئەو نووسەرە فەیلەسووفە، لێبووردوانە لە ئەزموونی دەوڵەمەندی دەدوێت و دەڵێت: ((مەرج نییە کە کتێبێکم زۆر دەفرۆشرێت، زۆرترین خوێنەر هی کتێبەکانی من بن، من ماوەیەکی زۆر دەمنووسی و کەسێك نەیدەخوێندمەوە، لای من ناوبانگ دەرکردنی کتێبێك، بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە تیایدا دەرچووە)).

**خوێندنەوە و ئامانجەکانی**

هەرچۆن چاوانی مرۆڤ دەروازەن بۆ بینیی جیهان و چوونە ناو ژیانەوە، بەهەمان شێوە هەر چاوەکانمانن کە دەبنە سەرچاوەی خوێندنەوە و دوای دیتنی پێشوتە و ڕستە و بابەتەکان، بەهۆی مێشکمانەوە، لە واتا و مەبەستەکان دەگەین.

ئەرستۆ لە کتێبی "هونەری ڕەوانبێژی"دا دەڵێت: ((ڕەوانبێژی، واتە ئەنجامدانی پرۆسەی پەیوەندی. هەروەها دەڵێت: گەڕانە بەدوای هەموو ئامرازە گونجاوەکانی ڕازیکردن)).

ئەو فەیلەسووفە، پرۆسەی پەیوەندی لەنێوان (بنێر، پەیام، وەرگر)دا دەبینێ[١].

"هارلۆلد لازویل"یش بۆ گوزارشت لە پرۆسەی پەیوەندی، پێنج پرسیار و پێشنیازی کردووە:

١- کێ؟
٢- چی دەڵێت؟
٣- بەکام ئامراز یاخود کەناڵ؟
٤- بۆ کێ؟
٥- بە چ کاریگەرییەك[٢]؟

ئەگەر بیرۆکەی "لازویل" بە تەنیا بەسەر پرۆسەی پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەردا بچەسپێنین، ئەوا دەبێ بڵێین:

لای ئەو، کێ نووسەرەکەیە؟ چی دەڵێت: واتە چ بابەتێکی نووسیوە، بە کام ئامراز... یان نووسینەکەی بەهۆی چ ئامرازێکی چاپکراوەوە دەگەیەنێت؟ بۆ کێ؟ واتە: خوێنەرەکانی کێن؟ بە چ کاریگەرییەك ئەمەیشیان واتە (Feed back) یان ئەنجام و کاریگەری بابەتە نووسراوەکەیە لای خوێنەر.

لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، ژیان ئاڵۆز بووە و بەرامبەر ئەوەش پەیبردن بە زانیارییەکان، زیادیان کردووە. زانیارییەکان بۆ ژیانی تاك و کۆمەڵ، بایەخی گرنگیان هەبووە؟ ڕەگەزێکە و لە هەر چالاکییەکماندا ناتوانین لێی بێبەش بین و کەرەسەی خاون بۆ توێژینەوەی زانستی و سەنگی مەحەکیشن بۆ وەرگرتنی بڕیارە ڕاست و دروستەکان لەژیانماندا، ئەوانەی زانیاری تەواویان لابێ لەم ژیانە پڕ لە جەنجاڵی و گرفتەدا، خاوەنی قسە و کرداری بەهێز و کاریگەر دەبن، نەوەك هەڵوێستی سەرپێیی و کوێرانە[٣].

ئەمانەش هەمووی لە کتێب و نووسراوەکاندا چنگ دەکەون کە هەمیشە مرۆڤی خوێنەری چالاك و ژیر، هەوڵی خوێندنەوەیان دەدات.

"م. ئادلەر" لە کتێبەکەیدا "چۆن کتێبێك دەخوێنیتەوە؟"دا دەڵێت: ((ئەوەی زۆر دەخوێنێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی خراپ لێیان حاڵی دەبێت، لەبری ستایش هەقە بەزەییمان پیایدا بێتەوە)). چونکە هەروەك "تۆماس هوبس" گوتوویەتی: ((نووسەرە مەزنەکان خوێنەرە مەزنەکان بوون، ئەمەش بەو واتایە نایەت هەرچی کتێب هەیە لە ڕۆژگاری خۆیاندا خوێندبێتیانەوە، زۆربەی جار ئەوەی خوێندوویانەتەوە، بارتەقای ئەو کتێبانە نەبوون کە لە کۆلیژەکانماندا پرۆگرامن، بەڵام ئەوان هەرچییەکیان خوێندبێتەوە، بە باشی خوێندوویانەتەوە[٤])).

**ئاوڕدانەوەیەك لەمێژووی خوێندنەوە**

ئەوەی مرۆڤ لە سەرجەم گیانلەبەرانی دیکە جیادەکاتەوە، توانای گوزارشتکردنێتی لە بیرۆکەکانی، ئەمەش لە سەردەمە بەراییەکانی مێژووی ئادەمیزادەوە دەرکەوتووە، کاتێك بە ئاماژە و جووڵە، داوا و مەبەستەکانیان لە یەکتر گەیاندووە، پاشانیش یەکەمین شۆڕشی مرۆڤ ئەو دەمە بوو کە مرۆڤەکان توانیویانە بدوێن و بە درکاندنی وشەکان، لەیەکتر تێگەیشتوون.

شۆڕشی دووەمی مرۆڤیش لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا بووە کە بە دێرینترین کۆمەڵگا ناسراون، چونکە نووسینیان داهێناوە، ئەوان توانیویانە لەسەر قوڕ بنووسن، ئەمەش نزیك بە ٣٦٠٠ ساڵ لە پێش زایینەوە بووە.

تەنە قوڕینەکان، بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی ئەو سەردەمانەیان تۆمارکردووە و پاراستووە، بەڵام ئەو نووسراوانە گران بوون و بە تەنیا پیاوانی ئایین و نەوەی چینە دەوڵەمەندەکان توانای کڕینیان هەبووە، لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و لەسەر قەد و سینەی بەردەکانیش، گەلێ نووسراو جێماون.

بەڵام وەك ئاماژەی پێکرا، لەو سەردەمانەدا، خوێندنەوە بە تەنیا بۆ چینە باڵادەستە ئۆرستۆکراتییەکان بووە، هەر منداڵی ئەوانیش فێری خوێندن و نووسین دەکران، چونکە لەو کۆمەڵگا دێرینەدا بەلایانەوە نەنگی بووە کە هەژاران بخوێننەوە. لە سەدەی دەیەمدا دامەزراوەکان، خوێندنگایان داناوە، بەڵام کتێب هەر بە تەنیا بۆ ژمارەیەکی کەمی قوتابیان بووە.

دوای ملیۆنان ساڵ، مرۆڤایەتی توانیویەتی زمان دابهێنێت، واتە زمانی ئاخاوتن لەگەڵ یەکتر. دوای چەندین سەدەش، توانراوە نووسین ببێتە یەکێك لە ڕاستییەکانی ژیانی مرۆڤ. دیرۆکی نووسین بە وێنە، واتە وێنەی کێشراوی واتاکان بۆ نووسینی هێمایی، بەواتایەکی دیکە بەکارهێنانی پیتە سادە و ساکارەکان بۆ گوزارشت لە دەنگە دیاریکراوەکان بوون، تادەگات بە نووسینی (ئەلف و بێ) کە دەکرێ مێژووەکەی بۆ هەزارەی یەکەمی (پ. ز) لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی دوور (الادنی) دێرین، بگێڕینەوە[٥].

بەڵام بە داهێنانی چاپ و چاپخانە لەلایەن (یۆلمان گۆتنبێرگ)ی ئەڵمانییەوە، لە ساڵی ١٤٣٩دا شۆڕشێکی زانیاری گەورە داهێنرا. ئەو، بە بیست ساڵی ڕەبەق داهێنانەکەی ئەنجامداوە، لەوێوە لاپەڕە و ڕۆژنامە و نامیلکەی بچووك، کەوتوونەتە بەرچاو و لەگەڵ ڕەوتی گەشەسەندنی تەکەنەلۆژیادا، چاپکراوەکان ڕوو لە گەشەکردن بوون، تا گەیشتوون بەمرۆی پڕ لە داهێنان و چاپەمەنی جۆراوجۆر و نووسراوی نێو تەکەنەلۆژیای پێشکەتوو کە لە پەیوەندی ئینتەرنێتیدا خۆی دەبینێتەوە.

بەدرێژایی قۆناغەکانی گەشەکردنی نووسین، خوێنەران شوێن نووسراوەکان گەیشتوون و لەم سەردەمە نوێیەدا، خوێندنەوە بووەتە پیشەی ڕۆژانە و بەردەوامی هەموو مرۆڤێك، بەجیاوازی تەمەن و ڕەگەزیانەوە.

**بۆچی دەخوێنینەوە؟**

ئەگەر نووسین بۆ پاراستنی بەخششی مرۆیی بێت، ئەوا خوێندنەوەش بۆ بەکارهێنانی ئەو بەخششەیە لە ژیانی ڕۆژانەماندا. کەواتە هەر بەرهەمێکی نووسراو، گەر لایەنی بەرامبەری کە (وەرگر) یان (خوێنەر)ە، بوونی نەبێت، ئەوا هیچ ئامانجێك ناپێکێت، لێرەوە خوێندنەوە بەرامبەر بە نووسین، پارسەنگە و بەدیهێنەری ئامانجەکەیەتی.

خوێندنەوە پرۆسەیەکە لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا کە تەواو جیاوازن لەیەکتر. لەکۆندا خوێندنەوە تەنیا بۆ پاکژبوونەوەی ڕۆح بووە، واتە بۆ ئارامگرتنی دەروونی مرۆڤ و دڵنیایی و ئاسوودەیی. دواتر لەگەڵ پەیدابوونی بازرگانی و هاموشۆ و دروستبوونی شەڕ و شۆڕ، مرۆڤ پێویستی بەوە بووە بۆ ئاگاداربوون لە بوونی خۆیی و پەرەپێدانی ژیانی، عەوداڵی ڕۆژنامە بچووکە چاپکراوەکان بێت کە تەرخان بوون بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەو ڕەوشە ناوبراوانە... دواتر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زمانی ئەدەبیات و کەوتنە بەرچاوی ژانرە ئەدەبییەکاندا، مرۆڤ بۆ چێژوەرگرتن و شۆڕبوونەوە بە ناخی ژیان و جوانییەکاندا، پەنای بۆ خوێندنەوە بردووە، پاشانیش زمانی زانستی و زانیارییەکان، بەداڕشتنی نووسراوەکانەوە بینراوە و مرۆڤ بۆ خوێندن و بەدیهێنانی خەون و ئامانجە زانستییەکانی، لەسەر خوێدنەوەیان بەردەوام بووە.

لە چەند دەیەیەکی ڕابردووشدا، بە داهێنانی پەیوەندی ئەلکترۆنی "واتە ئینتەرنێت"، شۆڕشێکی نوێ بەسەر پەیوەندی و پرۆسەی خوێندنەوەدا هاتووە، ئەنجامی ئەم شۆڕشە نوێیەش، هەر زوو دەرکەوتووە و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیانی مرۆڤ هەبووە، بە هەموو لایەنەکانیەوە.

خوێنەر لەڕێی ئامێزی کۆمپیوتەرەوە لە هەر جێیەك بیەوێ، بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەگات و زانیاری یەکجار زۆری دەستدەکەوێت، لەکاتی کەم و بێ خەرجیی و ئەرکێکی ئەوتۆ... خوێنەر، لەڕێی پەیوەندی ئینتەرنێتەوە، توانیویەتی ئامانجی جودا لە خوێندنەوە بەدەستبهێنێت، وەك:

- ئازدایی لە وەرگرتنی هەر بابەتێك.
- بەردەوامی لە شوێنکەوتنە هزریی و ڕووناکبیرییەکان و ...تاد.
- بەزوویی چنگکەوتنی هەر شتێك کە مەبەست بێت.
- دەرکەوتنی توانا و شاردراوەکانمان.
- بەسەربردنی کاتی خۆش و بە کەڵك و خۆشگوزەراندن.
- بڵاوکردنەوە بەشێوەیەکی خێرا لە ماڵپەڕەکاندا.
- ئاسانی گەڕان بەدوای سەرچاوەکاندا.

لەگەڵ ئەوانەشدا لە تەماشاکردنی ئینتەرنێتدا لایەنی سلبی هەیە، وەك:

- دانیشتنی زۆر بە دیاریەوە و کات بەسەربردنی نەگونجاو و دوورکەوتنەوە لە ژیانی ڕۆژانە.
- کاریگەری تەندروستی لەسەر چاو.
- پەشێووی دەروونی و ...تاد[٦].

خوێندنەوەی هەر بابەتێك، دەسەڵاتی بابەتەکە دەسەلمێنێت، لەوێوە میکانزمی تەواوکەری خوێندنەوەی "بابەت" دێتە ئاراوە، لەوێشەوە ئاستی خوێندنەوە و مەبەست و مەرامەکانی خوێندنەوە دەردەکەوتن.

هەر کەسە و ئامانجێك لەپشتی هەڵبژاردنەکانیەوە هەیە، خوێندنەوەی تێزێکی زانستی بۆ هەر پرۆژە یان توێژینەوەیەك جیاوازە، لە خوێندنەوەی قەسیدەیەك یان چیرۆکێك، یاخود شانۆنامەیەك، خوێندنەوەی بابەتێکی ڕەخنەیی و فیکریی و فەلسەفیی جودایە لە خوێندنەوەی گۆڤارێکی تایبەتمەند یان هەمەڕەنگ یان ڕۆژنامەیەکی گشتی...

خوێندنەوە و چالاکییەکانی ئەرکی مرۆییە بە مەبەستی گەشەکردنی مێشك و تواناکانی زانین و زانیارییە، بەهۆی وشەی نووسراوەوە.



پەراوێز:

١- د. حسن عماد مكاوي و د. ليلى حسين السيد، الأتصالات و نظرياته المعاصرة، ل ٣٧.
٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.
٣- د. حسن عماد مكاوي تكنلوجيا الأتصال الحديثة في عصر المعلومات، ل ٢٧.
٤- عكاب سالم الطاهر، موضوعات في الكتابة، ل ٥٩.
٥- سەرچاوەی ژمارە (١)، ل ٩٤.
٦- www.nadyelfikr.net

# لەنێوان کتێب خوێندنەوەو سیستمی پەروەردەدا

دانا عەسکەر

لەمێــژووی مرۆڤــدا، ئــەوەی زیــاتر ڕەوتــی ئینسانەکانی بــەرەو پێشەوە بردووە، ریشەکەی دەگەڕێتــەوە بــۆ بــوونی کتێــب لــەدونیای مرۆڤایەتیــدا، پەیوەنــدیی مــرۆڤ و کتێــب، پەیوەندییــەکی قوولــەو مرۆڤــەکان هەمیشە لــەو گۆشەنیگایەوە لەکتێبیان ڕوانیوە کە سەرچاوەی کتێب عەقڵی ئینسانەکانە، بۆیە ئینسانو کتێبو کتێبخانە، پەیوەندییەکی تۆکمەیان لەنێواندایە.

لەهــەموو دونیــاداو لەهــەر شــارێکدا، کــە کتێبخانە هەبوو، واتە شارستانییەت دەیــەوێ پــێ بگرێــت و هــەنگاو بنــێ، ئــەم پەیوەندییــەی نێــوان کتێــبو مــرۆڤ، کتێــبو شارســتانیەت، لەبەشــێکی زۆری ولاَتــانی ڕۆژئــاوا، گەیــشتە ئاســتی گــۆڕینی سیستمی سیاسیو ڕۆڵــی فیکــرو مەعریفــە، دەیــان ڕەهەنــدی ئینــسان دۆســتی لەســەر دامــەزراو ئاراستــەی تۆتالیتارییــەکان لەســەر بنــەمای فیکــر بەقازانجی خودی کتێب، وەك میتۆدێکی مــەعریفی کەوتــەوە، ئــەوەی گرنگــە لای ئێمــەو پێویــستە جــەختی لەســەر بکەینــەوە، بــوونی کتێبخانەیــە لەشــارەکانی کوردســتان، لەبەرانبــەردا بــوونی پەیوەندیی نێوان کتێبخانەو پەروەردەو سیستمی پەروەردە بــۆ خۆشەویستکردنی کتێبو بــەرۆحی کردنــی پرۆســەی خوێنــدن لــەناو پێکهاتــەکانو بەتایبەتی گەنج، لەهەر شوێنێك شار هەبوو، دەبێ کتێبو کتێبخانــە لەپەیوەندییــەکی توندوتۆلــدابن، ئەم پەیوەندییە لەنێوان ئینسانەکاندا بەرجەستە دەبێتو دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەســەر خودی ئینسانەوە هەبێت، کاتێ کتێبخانــە دەبێتــە مــاڵی ڕاســتەقینەی مەعریفــە، دەبــێ خوێندنــەوە ببێتە خۆراکی هەمیشەیی ئینسانەکانو بــەردەوام کاری جیدیتری بۆ بکرێت، ئەو کارکردنە بە پلەیەك دەکەوێتــە ئەســتۆی سیــستمی پــەروەردو ڕۆڵ و کاریگەرییــەکانی کــە تاچــەند جدییانــە گرنگــی بەکتێبخانەو ڕۆڵی خوێندن لەسیــستمی پــەروەردە دەدات، خــودی گــۆڕانی عــەقلی ئینــسان سەرچــاوەکەی لــە پــەنابردن بــۆ خوێندنــەوەو مەعریفــە ســەرهەڵدەدات، لــە زۆربــەی سیــستمە سیاســییەکانو بەتایبــەتی لــە کۆمەڵگــە پێــشکەوتوەکاندا، ئەوانــەی بــەردەوام هــەوڵی گۆڕانکاری سستماتیکانە دەدەن، ئــەو خەڵکانــەن کە سەرچاوەی مەعریفە بواریان بۆ دەڕەخسێنێ



کە پەرە بە عەقڵی مرۆڤ بدەنو ژیانی ئینسانەکان لــەدۆخێکی نالــەبارەوە بــۆ دۆخێکــی لــەبار بــەرن، مێژووی خوێنــدنو سیــستمی پــەروەردە لەســاتە وەختێکــدا ســەرهەڵدەدا کــە ئینــسانەکان بیردەکەنەوە، بیرکردنەوە عەقڵ بەرهەمی دەهێنێ، بۆئــەوەی هەمیــشە بیرکردنــەوە دۆخێکــی لــەبار بگرێتــەخۆ، پێویــستە لــە قۆنــاغی ســەرەتایی خوێندکارەوە، تاکو زانکۆ هەمیشە پەروەردە لەناو کایــەی بیرکردنــەوەی خوێندکارەکانــدا بــیری تازەکردنەوەی سیستمی پــەروەردەی لەبەردەمــدا بێت، لەم حاڵەتــەدا ئــەوەی خۆشەویستی لــەنێوان ئینسانو خوێندنەوەدا دەچێنێ کۆمەڵگەیــە، واتــە بــوونی کۆمەڵگەیــەکی پێــشکەوتوو کــە بــەردەوام کتێبو ئینسان لێك نزیك بکاتــەوە، عــەقڵو جۆری بیرکردنەوەیە، ئێمە دەپرسین بۆچی نــەوەی نــوێ بیری بەلای خوێندنەوەدا ناچــێ؟ ئەمــە بــەو مانایــە نییە کە کەس ناخوێنێتەوە، نەخێر بەو مانایەیە کە ئینسانی ئێمە لەچاو دنیاو دەوروبــەردا ڕێژەیــەکی کــەمی خوێنــەرمان هەیــە و هــەموو ئــەو گۆڕانکارییانــەی کــە لــە دنیــاوە خواســتوومانە، بۆ بەشــێکی کەمیــشی کاریگــەریی بەســەر ئینــسانی ئێمەوە نەبووە، لەهەموو شارەکانمان خوێندنگــەو کتێبو کتێبخانە هەیــە، بــەلاَم کاریگــەریی گــۆڕینی نــەوعی لای ئێمــە بەدرێــژایی مێژوو کاریگەرییــەکی سلبی بــووە نــەك ئیجابی، ئــەم پرسیارە بەگشتی

پــەروەردەو سیــستمی سیاســی لێــی بەرپرســیارە، کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیــەکی تەمەڵــەو بەرهــەمی جووڵــەی ئینــسانی ئێمــە لەخــەودا ســەرفو بــە بادەچێ، ئێمە هێندەی دەخــەوینو دەخــۆین، نیــو هێنــدە پەیوەنــدیمان لەگــەڵ کتێــبو کتێبخانــەدا هــەبێت، دەتــوانین ژیانمــانی لەســەر ڕێکبخــەینو لەوردەکارییەکی ژیانی خۆمان بکۆڵینەوە، ئێمە بۆ دەژیــن؟ ژیــان بریتیــە لــەژیانکردن، ژیــانکردنیش پێویستی بەڕەوتێکی جدییە تا خۆمان لەناو عەقڵی خۆماندا پرسیار سەبارەت بە ئینسابوونی خۆمــان بکەین، دۆخی ئینسانی بوونی ئێمە پەیوەستە بــە عەقڵەوە، عەقڵیش فیکــر و مەعریفــەو بیرکردنــەوە بەڕێوەی دەبن. لەهەموو ولاَتە پێــشکەوتووەکاندا، کــاتێ دێینــە ســەر مەســەلەی خوێندنــەوە، هــەموو دەڵێن خوێنــەرمان کەمــە، تــۆ بڕوانــە ئــەم وەلاَمــە بەزۆری لای ولاَتە پێشکەوتووەکاندا بــوونی هەیــە، ئــەی کەواتــە دۆخــی نالــەباری ئێمــە لەبەرانبــەر خوێندنــەوەدا ئــەبێ وەلاَمــان چیبێت! ئەمــە بــۆ خــۆی هەڵوێــستەلەسەرکردنی دەوێ، ئایــا دەکــرێ سیستمی پەروەردە لای ئێمە بیری لــە کاریگــەریی ئینــسان و کتێــب نەکردبێتــەوە؟! بەتایبــەتی ئەوانەی کتێب کردوونی بە کەسایەتییەك سستمی پەروەردە ببەن بەڕێوە، لەم حاڵەتەدا دەگەڕێنەوە ســەر بــوونی کــەموکورتیی لەسیــستمی سیاســیو نەبوونی پەیوەندی لەنێوان عــەقڵ و خۆشەویستی

ئینــسانی ئێمــەدا، نــەبوونی ئــەو خۆشەویــستییە پــەیامی دڵــسۆزی بەرانبــەر کارەکــەی خــۆی کــە سستمی پەروەردەیــە کاڵدەکاتــەوەو لەبەرامبــەردا خوێندکارو ئینسانی ئێمــە لــە خوێندنــەوەو کتێــب زیــز دەبــن، ئــەو بۆشــاییەی ئــەمڕۆ لــەنێوان تــاکی کوردو کتێبدا هەیە، نیشانەی زیزبــوونی ئینــسانی ئێمەیــە لەسیــستمی پــەروەردەو خــودی عــەقڵی ئینــسانی ئێمــە، بۆیــە دەبینــین بــەزۆری ئەوانــەی سەردانی کتێبخانەش دەکــەن، کەمــی نەبــێ، ئەوانی دی گــرفتی کیــشەی کۆمەلاَیــەتیو دابو نــەریتی کۆنخوازی کۆمەڵگــە، پــەنایان پێدەباتــە کتێبخانــە بۆ یــەکتر ببینــین، بەتایبــەتی لــەنێوان کچو کوڕی ئێمەدا، بــەدیوێکی تــر مەســەلەی نووســینو کــاری ڕۆژنامــەوانی کــە ڕاســتەوخۆ دەســەلاَت لێــی بەرپرســیارە، ئــەویش لــەوەدا کــە دەزگاکــانی ڕۆشنبیریی ئێمە خراوەتە بەردەم کۆمەڵێك خەڵکی حیزبییەوە، ئەویش بۆ بەهێزکردنی پێگەی حیزبی خۆیــانو ناشــرینکردنی بــاری ڕۆشــنبیریی ئێمــە، چونکە کتێبو ئینــسان، پەیوەنــدییان بــە گــۆڕینی عەقڵی ئینسانو بیرکردنەوەی هەیە، بیرکرنــەوەش بەنــەزەری هێــزی کۆنخــواز گــۆڕینی سیــستمی سیاسییە، بۆیــە دەبینــی ڕۆژانــە بــەدەیان کتێــبو ڕۆژنامــەی بــێ ســەرو بــەر، ئــەم ولاَتــەی ئێمــەیان پڕکردووە لــە نووســینی بــێ بنــەماو بــێ مەعریفــە، ئەوانــەی بــەم شــێوەیە بیردەکەنــەوە، هێنــدەی گرفت دەخەنە بەردەم چەمکی ڕۆشــنبیریی ئێمــە، نیو هێندە سوود بە ڕۆشــنبیریی ناگەیــەنن، بۆیــە لەم کاتەدا کە خوێندنەوەو نووسین گەیشتە ئــەو ئاستە، تەنانەت خودی دەسەلاَتیش دێت و ڕەخنە لەرۆشنبیر دەگرێت، خــودی مەســەلەکە لەوەدایــە، لەهێنانی کۆمەڵێك نەخوێندەوار بۆ ناو دەزگا بەناو ڕۆشنبیرییەکان کە خۆیان مەبەستیانە خوێندنەوە قێزەون بکەن، وەك ئەوەی ئێستا هەیەو دەبینین ئەوانــەی لــەو بوارەشدا کــار ناکــان، بەتایبــەتی خوێنــدکار، لــەکتێب زیزبــووەو زەحمەتــە بتــوانین ئەم عەقڵە ئاشت بکەینەوە، ئەم دۆخــە بەداخــەوە زانکۆکانیشی گرتووەتــەوە، لەهــەموو دنیا ژیانو دیدی خەڵك چاوگەکەی زانکۆیــە، بــەلاَم لای ئێمــە زانکۆ چاوی لە خەڵکە، ئەم دۆخەی ئێستای ئێمە" هایدگەر" وتــەنی" تەنیا خوایەك دەتــوانێ ڕزگــاری بکات".

# مافی موڵکایەتیی بابەتەکانی سەر ئینتەرنێت

و. سارا محەمەد

لەم دواییانــەدا گرنگییــەکی زۆر بــە ســەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان دەدرێتو باس لــەوە دەکــرێ کــە داخــۆ چــۆن بتوانرێــت چــۆنیەتیی کــۆپیکردنو بەکارهێنانو کارپێکردنیان کۆنترۆڵ بکرێت؟ هــەر ئەم باسە ئەوەشی گرتۆتەوە کە چۆن خەڵك مافی بڵاوکردنەوەی بابەتی کەسانی تریان هەبێت، ئاخۆ کە تــۆ بابــەتی کەسێکی تــر بڵاودەکەیتــەوە، ئــەو ئەرکانــە چــین کــە دەکەونــە سەرشــانت؟ چــونکە بابەتــــە فیکرییــــەکان، کۆمەڵــــە ســــیفاتو تایبەتمەندییــــەکیان هەیــــەو هەنــــدێکی ئــــەو تایبەتمەندییانە ئەوەیە کــە دەتــوانرێ بــە ئاســانی کۆپی بکرێنو بخرێنــە بەردەســت بــۆ خوێندنــەوە، زۆرجار ڕوودەدات، کە ئەم بابەتانە کۆپی دەکرێن، بە شێوازێك کە ڕێــك لــە دەقــە ئەسڵەکەی خۆیــان بچنەوە، یان بە شێوازی باشــتر کــۆپی بکرێنــەوەو خستنە بەردەستیان بۆ زۆرترین ژمارەی خوێنــەرو بینــەر ئاســان دەکرێــت، بەمــەش ژمــارەی ئــەو کەسانەی کە دەتــوانن لــە نــاوەڕۆکی ئــەو دەقانــە سوود مەند بن، بەشێوەیەکی دیار بەردەبێتــەوەو چەندبارەش دەبێتەوە.

لەوانەیــە وا ڕوبــدات، کــە کــۆپیکردنو خستنەوە بەردەستی ئەم بابەتانە لەبەرامبەر بڕێك پارەدا بکرێت، هــەروەها دەکرێت بێبەرامبــەریش بێت.

لــە هەنــدێکی ولاَتانــدا، کۆمەڵــە ڕێوشــوێنێکی یاسایی وا، یــان دابونــەریتی وا هــەن کــە لەوانەیــە لەناو ولاَتێکی دیاریکراودا، کاریگەری بخەنــە ســەر چــۆنیەتیی بــەکارهێنانی ئــەو کەرەســتە فکرییانــە لەناوخۆیو ولاَتەکەدا، یــان ڕێوشــوێنی چۆنیەتیی




بەکارهێنانیان لە دەرەوەی ولاَتەکە دیاری بکەن.

بــەلاَم ئایا ئــەو ڕێــسا بنــچینەییانە چــین کــە پەیوەنــدییان بــە پــەخشو بڵاوکردنــەوەی ئەلیکترۆنییەوە هەیە؟

تێبینی ئــەوە دەکــەین کــە هــەموو ئــەو بابەتــە ئەلیکترۆنییانــەی، توانــای بینــینو خوێندنــەوەیان تێدایە، وەك: وێنە، ئیمەیل، یــان بابــەتی بــارکراوو داگــیراو لــە ماڵپــەڕەکانــەوە، هــەموویان بەشــێوازی گریمانکراو بوونیان هەیەو پێویستیان بە پاراستنی مــافی بڵاوکردنــەوەو بەکارهێنانــەوەیان هەیــە، بۆئــەوەی مــافی نووســەرو داهێنــەرەکانیان بپارێزرێت. ساکارترین هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە

ئەو بابــەتو نووسینانە بــەبێ دانــانی هــیچ باجێك لەســەریان، دەخرێنــە بەردەســتی خوێنــەرانو بینــەرانیانو کەســیش بەرپرســیارێتیی ئــەوە هەڵناگرێت، لەبەرئەوەیە، کــە زۆرجار بــەناڕەوایی بابەتەکانیش بەکاردەهێنرێنەوە، بــەدەر لەمانــەش هــەر کۆپیکردنەوەیــەك بــۆ ســەرلەنوێ بەرهەمهێنانــەوەی بابەتــەکان بەوشــێوەیەی کــە خۆیــان لــەئاردان سەرپێــچیکردنی یاســایە، لەبەرئــەوەی کەســە بەرهەمهێنــە ســەرەکییەکە مافەکەی دەفەوتێتو لەبریی ئەویش کەسێکی تــر سوود لەو مافە وەردەگرێت کە هیچ ماندوبوونێکی پێوەنەکێشاوە، تــەنها هێنــدەی کــردووە کــە بــە

ناڕەوا بابەتەکەی ئەویی بۆ شــوێنێك گواســتۆتەوە، کــە خــۆی دەتوانێــت لــەو شــوێنە لــە ســوودەکانی بەهرەمەند ببێت.

زۆرجــار دەتــوانرێ ناونیــشانی ئینتــەرنێتیو ئیمــەیل، کــۆپی بکرێتــەوەو ســوودی لێ وەربگیرێتەوە، بەلاَم هەڵبــەت هەنــدێ ڕێوشــوێنیش هەن بۆ ڕێگرتن لەم کردەوەیە، هەندێ ماڵپەڕ هــەن لــە جــۆری (یــاهوو ئەلتاڤیــستا) کــە تایبــەتن بــە گەیانــدنی هــەواڵ، بــوار دەدەن هەواڵــەکانیان وەربگیرێتو لەشوێنی تــریش بڵاوبکرێتــەوە، بــەلاَم ئەگــەر کەســێك هــەموو لاپــەڕەکانی ماڵپەڕەکــە وەربگرێتو بــەناڕەوا لــە شوێنی تــردا دایبنێتــەوە، ئەمەیان دەبێتە مایەی لێپرسینەوە.

پێویست ناکات باس لەوەبکەین کــە مشتومڕی زۆر لەسەر بابــەتی چــۆنیەتیی ســوود وەرگــرتن لــە بابەتەکان هەیە، بەلاَم بەپێی پێشکەوتنی زانستی ئــەمڕۆی دنیــای ســەردەم لــەبواری ئەلیکترۆنــدا، ئەتوانین بڵێین کە ئــەو ڕۆژگــارەش دێتــە پێــشەوە، کە وەرگرتنو گواستنەوەی بابەتــەکان، بەشــێوەی ئــەلیکترۆنیو لــەنێوان ماڵپەڕەکانــدا پێویــست بــە بەستنی پرۆتۆکۆلو ڕێکەوتن بکات.

ڕەنگــە تــۆ لــە زۆر شــوێن باســی کتێبخانــەی ئەلیکترۆنیت بیستبێت، ئەم کتێبخانانە داهێنــانێکی مرۆیــی گــەورە لــەبواری زانیــاریی دیجیتاڵیــداو بــە پێــشکەوتنێکی زۆر گــەورە دادەنرێــت، لــەکاروباری کتێبخانەییدا، بەلاَم ئەمەش دیسان هەمان کێشەی پاراستنی مافی لایــەنی داهێنــەری تێدایــەو نــاتوانن لایەنی ئەو مافخورانە مسۆگەر بکــەن بەو شــێوەیەی کە کەس مافەکەی نەفەوتێت.

سەرچاوە:
Htt: in formatic s.gov.sa

# كتێبخانەی گشتیی سلێمانی

# شەش كتێبی یاسین قادر بەرزنجی پێشكەش بەكتێبخانەی كوردی كرد

**مەهدی ئەحمەد**

رۆژی ٢٠١٠/٢/٤، بەئامادەبوونی بەڕێز وەزیری رۆشنبیریی حكومەتی هەرێمی كوردستان (د. كاوە مەحمود)و ژمارەیەكی زۆر لەنووسەرو هونەرمەندو رۆژنامەنووسان، كتێبخانەی گشتیی سلێمانی لەهۆڵی دیلان، ئاهەنگێكی بۆ ناساندنو پێشكەشكردنی شەش كتێبی چاپكراوی نوێی نووسەرو هونەرمەند (یاسین قادر بەرزنجی)ی سەنووسەری (ئاسۆی كتێبخانە) بەڕێوەبرد.


د. كاوە مەحمود




ئاری بابان

سەرەتا، بەڕێوەبەری كتێبخانەی گشتیی (كاك ئاری بابان) لەوتەیەكدا گرنگی بۆنەكەی خستەڕوو، هەرچۆن شانازیی كتێبخانەی دووپاتكردەوە كە لەو رۆژەدا یەكێك لەكارمەندە دێرینەكانی دوای كۆششێكی زۆر، توانیویەتی ئەو چاپكراوە بەنرخانە پێشكەش بە كتێبخانەی كوردی بكات.

پاشان وەزیری رۆشنبیری پیرۆزبایی گەرمی لە (بەرزنجی) كرد بۆ ئەو دیارییە بەنرخەی كە پێشكەش بە خوێنەرانی كردووەو لەڕەوشی دەوڵەمەندی كتێبخانەی كوردیی دوا، كە لەم رۆژگارەدا بە چاپكراوی ناوازە، ئاوەدان دەكرێتەوە.

دوای ناساندنی كتێبەكان لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئاهەنگەكەوە (هونەرمەند ئاشتی دانشو رۆژنامەنووس سارا موحسن)، هەریەك لەمامۆستایان:

(د. ئاكۆ شوانی، ئەحمەد محەمەد ئابلاخی، شێركۆ مەنگوڕی، شێرزاد حەسەن، عومەر ئەحمەد رەمەزانو دڵشاد مستەفا) بەدوای یەكدا لە كتێبەكانی نووسەر دوان كە بریتیین لە:

١- ژین، یەكەمین رۆژنامەی تایبەتمەندی ئەدەبیو رووناكبیریی شاری سلێمانی.

٢- هونەری دراماو رامانێك لەدرامای كوردی.

٣- گەورەبوونی رۆح.

٤- مەرگی وەنەوشە، چاپی سێیەم.

٥- ئیتیكی كاری راگەیاندنو حەتمیەتی تەكنۆلۆجیا.

٦- ئەزموونە درەوشاوەكانی شانۆ.

كە بریتیین لە كایەكانی رۆژنامەنووسیو هونەرو شانۆ، هەر شەش بەڕێز بەوردی لەئاستی كتێبەكاندا وەستانو لێكدانەوەی خۆیان بەرامبەریان خستەڕوو.

هاوكات هەر شەش بەڕێز هیوای بەردەوامیو سەركەوتنی زیاتریان بۆ (یاسین قادر بەرزنجی)ی هاوڕێیان خواست.

ئەمەو هەر یەك لەهونەرمەندان، دیاری قەرەداغی، وتاری گۆڤاری (شاكار)و مامۆستا بەدیعە دارتاش وتاری (تیپی شانۆی سالار)یان بەم بۆنەیەوە پێشكەش بەئامادەبووان كرد.

لەكۆتاییدا هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی لەوتەیەكیدا وتی:

ستایشی گەورە هەمیشە بۆ زمانی شیرینی كوردییە كە بووەتە دایكی نووسینو سەرچاوەی كتێبی نووسەرانی كورد، پاشانیش لەپاڵ هونەری شانۆدا كە بۆ چل ساڵ دەچێ راستو چەپی خۆمم تیا بینیوەو تینویەتیم لەكانی بەهرە شكاندووە، بۆ سی ساڵیش دەچێ ئەم ماڵە ئاوەدانەی شار، كە كتێبخانەی گشتیی سلێمانییە، بووەتە ماڵی دووەمو كتێبەكانی بوونەتە خۆراكی هزرو رۆحو دەروونم.

هەروەها وتی:

دەمەوێ هەر لەم بۆنەیەدا ئەوە رابگەیەنم، بێجگە لەكاركردنی رۆژانەم لە بڵاوكراوەی (ئاسۆی كتێبخانە)دا، بەنیازم هەر ئەمساڵ سێ كتێبی دیكە پێشكەش بە كتێبخانەی نەتەوەكەم بكەم، ئەوانیش بریتیین لە (كتێبێك سەبارەت چەند لایەنێكی شانۆی كوردی، بەرگی دووەمی فەرهەنگی شانۆ، وەرگێڕانی كتێبی زانستی پێڕستو دۆكیۆمێنتاری بەهاوكاریی خاتوو ساكار عەلی).

پاشانیش سوپاسی گەرمی ئاراستەی هەموو ئەو بەڕێزانە كرد كەوا لە ئامادەكردنو چاپكردنی كتێبەكانیدا هاوكارییان كردووەو ئاهەنگەكەش بەدابەشكردنی كتێبە چاپكراوەكان بەسەر ئامادەبوواندا و پێشكەشكردنی چەپكەگوڵی خۆشەویستی لەلایەن رێكخراوی هونەرمەندانی كوردستانو ستۆدیۆی ئەكتەرو ژمارەیەك لەئامادەبووانەوە، بە برای نووسەرمان كۆتایی هات.


د. ئاكۆ شوانی


عومەر ئەحمەد رەمەزان


ئەحمەد محەمەد ئابلاخی


دڵشاد مستەفا


شێركۆ مەنگوڕی


دیاری قەرەداغی





شێرزاد حەسەن


بەدیعە دارتاش

## بەشی زانیارییەکان و کتێبخانە لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی

# ئاسۆیەك بۆ گەشەسەندنی کتێبخانەکان

**بەناز عەبدولڕەحمان**

دوای هەوڵی زۆری ڕۆشنبیران و کەسانی خەمخۆری کتێبخانەکان و پسپۆڕانی ئەو بوارە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، بڕیاریدا بەکردنەوەی بەشی زانیارییەکان و کتێبخانە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٤–٢٠٠٥. یەکەم ساڵی خوێندن تایبەت بوو بەو فەرمانبەرانەی کە لە کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکەن، خاوەن بڕوانامەی ئامادەییەکان و بەرەوو ژوورتر. ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی کە دوای دەرچوونی ئەو خوێنکارانەو بەدەست هێنانی بڕوانامەی دبلۆمی تەکنیکی، ڕاستەوخۆ بتوانن خزمەتی کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ بڕیاردرا بەکرنەوەی خوێندنی ئێواران بۆ هەمان بەش ئەمەش خزمەتێکی زیاتر دەکات و ژمارەی دەرچووانی ئەم بەشەش دەگەیەنێتە دوو هێند. ژمارەی خوێندکارانی ئەمساڵی خوێندن ٢٠٠٩ – ٢٠١٠. خوێندنی بەیانیان (١٨٥) خوێنکار بۆ هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەم. خوێندنی ئێواران (١٩٥) خوێندکار بۆ هەردوو قۆناغ.

ئێستا لە دوای چەند ساڵێك لە کردنەوەی ئەو بەشە، نزیکەی (٢٥٤) خوێنکار بڕوانامەیان بەدەست هێناوە. بەڵام ئایا سەرجەم ئەو دەرچووانە سوودیان لێ وەرگیراوە لە کتێبخانەکان؟ ئایا ئەو کێشەو کەموکوڕیانە چییە کە دەبنە ڕێگر لەبەرەووپێشچوونی ئەم بەشە؟ ئایا لەڕێگای خاوەن بڕوانامەی دبلۆم، دەتوانرێت سەرجەم کێشەکانی کتێبخانەکانی کوردستان چارەسەر بکرێت؟ یاخوود ئەم بوارە پێویستی بەبەدەست هێنانی بڕوانامەی زیاترە؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانەو بەدەست هێنانی زانیاری زیاتر، پرسیارمان ئاڕاستەی سەرۆك و مامۆستایان و خوێنکارانی ئەم بەشە کرد: بەم جۆرە وەڵام دراینەوە:–

سەرەتا (د. نیان کەمال ڕەشید) سەرۆکی بەش بەم شێوازە وەڵامی داینەوە:_

کردنەوەی بەشی زانیارییەکان و کتێبخانەکان هەنگاوێکی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بۆ دابین کردنی کادیری مام ناوەند و پسپۆڕی بواری زانستی زانیارییەکان و کتێبخانە، بەئامانجی بەرەوپێش بردنی کتێبخانەکانی کوردستان و چارەسەرکردنی ئەو



د. نیان کەمال ڕەشید

کێشانەی کە لەڕابردودا ڕووبەڕووی کتێبخانەکان بۆتەوە بە هۆی نەبوون و کەمی کادیری پسپۆڕ لەم بوارەدا، بەتایبەتی ئێمە ئێستا لە سەردەمێکدا دەژین کە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکان و بە ئەلەکترۆنیکی کردنی کتێبخانەکانە.

بەڵام دیارە هەموو هەنگاوێکیش دەبێت بە پلانی بۆ داڕێژاو بەرەوو ڕووی بڕۆی، وە هیچ هەنگاوێکیش بەبێ کەم و کوڕی نابێت، لەو کێشانەی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی بەشەکەمان بۆتەوە، زۆری ژمارەی خوێنکار و کەمی هۆڵی خوێندن و کەمی مامۆستای پسپۆڕە لەو بوارەدا، هەروەها نەبوونی سەرچاوەی پێویست و هۆکارەکانی فێرکردنی دەنگی و ڕەنگی و هۆڵی تایبەت بە وانە پراکتکییەکان.

دیارە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەش، هەوڵی پێویست دراوەو بەهاوکاری ڕاگرایەتی پەیمانگاو سەرۆکایەتی دەستەی خوێندنی تەکنیکی، ئومێد دەکەین لەداهاتوودا ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت.

سەبارەت بە کەمی مامۆستای پسپۆڕ، هەوڵی زۆرمان دا لە ساڵی ڕابردوو کە چەند مامۆستایەکی پسپۆڕی بەشەکە، خوێندنی ماستەر تەواو بکەن، لەگەڵ دابین کردنی (٥) کورسی خوێندن بۆ ئەو بەڕێزانە، بەڵام بەداخەوە خوێندنەکە دواخرا. بەو هیوایەین کە بۆ ئەمساڵی خوێندن، ئەو بەڕێزانە وەرگیرێن بۆ تەواو کردنی خوێندن، بەتایبەتی حکومەتی هەرێم لەبەرنامەیدایە کە خوێندن لەم پسپۆڕیەدا بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی بەکالۆریۆس.

پێشنیار دەکەین کە لیژنەی تایبەت بەبواری پەروەردە لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان داواکارییەکمان بخاتە بواری گفتوگۆکردنەوە، کە لەداهاتوودا زانستی زانیارییەکان و کتێبخانە لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیدا، بخوێنرێت، ئەمەش بە دوو ئامانج:

یەکەم/ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرکردنی خوێنکاری کورد، بەرامبەر بەزانستی زانیارییەکان و کتێبخانە، لە هەموو ڕوویەکەوە.

دووەم/ هۆکارێك دەبێت بۆ زیاتر دامەزراندنی دەرچووانی ئەم بەشەدا وەك کادیرێکی بواری کتێبخانە، لەپەروەردەو فێرکردندا.

* مامۆستا (شێرزاد سەعید محەمەد): یەکێکە لەمامۆستایانی دامەزرێنەری ئەم بەشە و مامۆستای وانەی پێڕست و پۆلێنە، بەم شێوەیە بۆمان دوا: بەشی زانیارییەکان و کتێبخانە، یەکێکە لەبەشە گرنگەگانی بواری خوێندنی باڵا، وە هیچی کەمتر نیە لەبەشەکانی تر، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە هێشتا وەك پێویست ئەم بەشە نەناسراوە، بەڵام بە بەراوورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا، زۆر بەرەوپێش چوون بەدیی دەکرێت، بۆ نموونە لەڕاپرسییەکانماندا کە لەگەڵ خوێنکاران ئەنجامان دەدا لە ساڵانی پێشوودا، تەنها خوێندکارێك یاخوود دوو خوێندکار، بە ئارەزووی خۆیان هاتبوون بۆ تەواوکردنی ئەم بەشە، بەڵام ئەمساڵ ڕێژەکان زۆر زیاتری کردووە، وە چەندین خوێندکار ئارەزووی تەواوکردنی ئەم بەشەیان هەیە. خوێندکار هەیە لە کۆلێجی یاسا وەرگیراوەو دایبەزادووە بۆ ئەم بەشە. دەبێت کۆمەڵگای ئێمە زیاتر ڕۆشنبیر بکرێتەوە سەبارەت بەگرنگی زانستی زانیارییەکان و کتێبخانەکان، بۆ ئێستاو داهاتوومان کە پێوەری ئێستای گەشەسەندنی کۆمەڵگا، بەئاستی زۆری و گەشەسەندن و پێشکەوتنی کتێبخانەو بنکە زانیارییەکان، دەپێورێت.




- کێشەکانی ئەم بەشە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە: نەبوونی هۆڵی پێویست بۆ خوێندنی وانەکان، بەتایبەتی نەبوونی هۆڵی خوێندنی پراکتیکی بەسەرجەم پێداویستیەکانیەوە، نەبوون و کەمی سەرچاوەی نوێ لەم بوارەدا لە کتێبخانەکانی کوردستان، دانەمەزراندنی ڕێژەیەکی زۆری دەرچووانی ئەم بوارە لە کتێبخانەکانی کوردستان.
- کەمی مامۆستای پسپۆڕی ئەم بوارە، کە تەنها چەند مامۆستایەك هەن و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن. بۆ برەودان بەم بوارە، پێویستە حکومەتی هەرێم بەزووترین کات بیر لە کردنەوەی خوێندنی باڵا بکاتەوە لەم زانستەدا. هەرچەندە بەهەوڵی دڵسۆزان و سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێم، لەساڵی ڕابردوودا (٥) کورسی دابین کرا بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لەم بوارەدا، کە بەداخەوە دواتر ئەم پڕۆژەیە پەکخرا، بەڵام لەسەر هەوڵەکانمان بەردەوامین و هیوامان زۆرە لەڕێگای بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم (بەڕێز د. بەرهەم ساڵەح) لەم کابینە نوێیەدا، بەهاوکاری وەزیری خوێندنی باڵا و کەسانی دڵسۆز و ڕۆشنبیر، ئەو ئاواتەمان بێتە دی.

- (مامۆستا غەریب ساڵح ساڵح) کە مامۆستای وانەی ئینگلیزیە: دەڵێت زۆر لە خوێندکاران بەخواستی خۆیان لەم بەشە وەرنەگیراون وە لەسەرەتادا نامۆن بەم بەشە، بەڵام هەر لەگەڵ دەست پێکردنی خوێندن و ئاشنا بوون بە بابەتەکان و مامۆستاکان، خوێنکاران بۆچوونەکانیان دەگۆڕدرێت بەرامبەر ئەم بەشە و گرنگی بەشەکەیان لا دەردەکەوێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری مامۆستا بەڕێزەکانی ئەم بەشە کە بەشێوەیەکی لێهاتووی بەزانستی نوێوە خوێنکارن ئاشنا دەکەن لەگەڵ بەشەکەدا.

یەکێك لە گرفتەکانی ئەم بەشە ئەوەیە کە دەرچووانی ئەم بەشە تاوەکو ئێستا وەك پێویست دانەمەزراون، حکومەتی هەرێم ئەرکێکی زۆری دەکەوێتە سەر تاوەکو خوێندکارێك پەروەردە دەکات و دەیکات بە کادیری پسپۆڕ، بۆیە دەبێت دوای دەرچوونی لەشوێنی گونجاوی خۆیدا، دابمەزرێت و خزمەتی بوارەکەی بکات و هاوکار بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کتێبخانەکانی کوردستاندا. هیوادارین لە پلانی حکومەتی نوێدا، ژمارەیەکی باشی کادیرەکانی بواری کتێبخانە دابمەزرێن.

- (شەوبۆ) کە یەکێکە لە خوێنکارانی قۆناغی دووەمی ئەم بەشە، بەم شێوەیە لەسەر خواست و ئاواتەکانی دواوە:

سەرەتا کە لەم بەشە وەرگیرام، زۆرم پێ ناخۆش بوو، چونکە هیچ زانیارییەکم لەسەر ئەم بەشە نەبوو، بەڵام ئێستا پاش تەواوکردنی ساڵی یەکەمم بەسەرکەوتووی و شارەزابوون لە زانیارییەکانی ئەم بەشە، بە بەشێکی گرنگی دەزانم وە حەزدەکەم گەر حکومەتی هەرێم خوێندنی باڵا بکاتەوە، لەم بوارەدا خوێندنی باڵا تەواو بکەم.

- (سارا)خوێنکاری قۆناغی دووەمی ئەم بەشەیە دەڵێت: بەشی کتێبخانەو زانیارییەکان، بەشێکی زۆر گرنگە بەلامەوە، وە زۆر حەز لەم بەشە دەکەم، وە لەداهاتوودا حەزدەکەم لە کتێبخانە، گەشە بەزانستەکانم بدەم و ئەگەر حکومەتی هەرێم خوێندنی باڵا بکاتەوە، لەو بوارەدا گەشە بە زانستەکانم دەدەم



م. شێرزاد سەعید محەمەد

بە تەواوکردنی خوێندنی باڵا.

داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکەم کە کێشەکانی بەشەکەمان بۆ چارەسەر بکات لە ڕووی نەبوونی هۆڵی پێویستی خوێندن و دابین کردنی مامۆستاو تاقیگەی تایبەت بەم بوارە و دامەزراندنمان دوای دەرچوونمان.

- (چیا حمە عەلی عوسمان) خوێنکاری قۆناغی دووەم دەڵێت: من سەرەتا لەبەشی ڕۆژنامەنووسی وەرگیرام، بەڵام زانیم من زیاتر خۆم لەگەڵ زانیارییەکان و کتێبخانەدا دەبینمەوە، چوومە ئەو بەشە، کە بە بەشێکی زۆر گرنگی دادەنێم، وە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت هەموو جۆرەکانی زانیاری تێدا دەبینێتەوە، چونکە شوێنی ڕێکخستن و هەڵگرتنی زانیارییەکانە.
- (چیا سەعید) خوێنکاری قۆناغی دووەم: بەشەکەمان بەشێکی زۆر گرنگە، من هانی خوێندکاران دەدەم لە قۆناغی شەشەم کە لە فۆرمەکانیاندا ئەم بەشە بنووسن، چونکی بەشێکی زۆر بەسوودە، ئەوەی بیەوێت ڕۆشنبیر بێت بابێت لێرەوە دەست پێ بکات، پەشیمان نابێت.



# ئیندێکسی سێ ژمارەکەی گۆڤاری ئابووری زان

## ١٩٨٠-١٩٨٢

د. شوان ئیسماعیل یابە

**گۆڤاری (ئابووری زان) بە یەکەمین گۆڤاری کوردی دادەندریت لە بواری ئابوریدا،چونکە پێش ئەم گۆڤارە تەنیا لە شێوەی لێکۆڵینەوەو وتار لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاودەکرانەوە،ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی وەرزی بووە، کۆمەڵەی ئابووری زانانی عێراق– لقی هەولێر دەریکردووە،پاشکۆی گۆڤاری (الاقتصاد) بووە،یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٨٠ و دوایین ژمارەی ژمارە سێ بووە لە ساڵی ١٩٨٢ بڵاوکراتەوە.**

**ئابووری زان**

- بڵاوکراوەی کۆمەڵی ئابووری زانەکانی عێراق — لقی هەولێر بووە، سێ مانگ جارێ دەریکردووە.
- سەرۆکی نووسین: حەسەن ئەلنەجەفی.
- جێگری سەرۆکی نووسین: د. هەمام ئەلشەماع.
- دەستەی نووسین: ١- فەیسەل نورەدین دەباغ.٢- عەبدولوەهاب مەحموود تاڵەبانی.
- ژ (١)ی تەمووزی ١٩٨٠، لە چاپخانەی (علاء) لە بەغدا چاپکراوە.
- ژ(٢)ی ١٩٨١، (١٣٢) لاپەڕەیە، لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا چاپکراوە.
- ژ(٣)ی ١٩٨٢، (٧٠ )لاپەڕەیە، لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا چاپکراوە.

## ئیندێکسی بابەت

**ئیمپریالیزم ولاّتە تازە پێگەیشتووەکان**

- ئیمپریالیزم ولاّتە تازە گەشەکردوەکانی بەنیشان ناوەتەوە بۆ چەوساندنەوە،محەمەدی مەلا کەریم،ژ(٣)ی١٩٨٢،ل٥٤-٥٨.

**بەهرەداران — کۆچی دوایی**

- دەربارەی کۆچی بەهرەداران،نەژاد عەزیز سورمێ،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١٢٢-١٢٥.

**پیشەسازی لە کوردستاندا**

- واقیعی پیشەسازی لە کوردستانداو ئاسۆی گەشەکردنی،ژ(٢)١٩٨١،ل٩٢-١٠٨.

**دارستان — بەرهەمی ڕۆژانەی کرێکاران**

- بەرهەمی ڕۆژانەی کرێکارانی دارستان،کاکە مەم بۆتانی،ژ(٢)١٩٨١،ل١٢-٦١.
- لێکۆڵینەوە،بەرهەمی لەڕۆژانەی کرێکارانی دارستانەکان، کاکە مەم بۆتانی،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٧-٢٣.

**دانیشتوان - لێکۆڵینەوە**

- گەشبینی و ڕەوشبینی لەمەسەلەی دانیشتواندا،سۆران عیزەدین فەیزی،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٢٤-٣٣.

**دانیشتوان وخۆراك**

- حوت بلیۆن ئینسان چۆن تێر دەبێ،وەرگێرانی بە دەستکارییەوە نەژاد عەزیز سورمێ،ژ(٣)ی ١٩٨٢،ل٥٩-٦٧.

**دواکەوتنی ئابووری**

- گەشەکردنی ئابووری و لێدوانێك دەربارەی زاراوەی دواکەوتن ،د. محەمەد فازیل قەفتان،ژ(٣)ی ١٩٨٢،ل٢٨-٥٣.

**زۆریونی دتنیشتوان - ڕاگرتن**

- سنوورێك بۆ ڕاگرتنی زۆربوونی دانیشتووان ، محەمەد خدر قرش" وەرگێرانی مارف عومەر گوڵ،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١٠٩-١١٧.

**سەرژمێری ئابووری**

- سەرژمێری ئابووری ،وەرگێرانی فەرید زامدار،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١١٨-١٢١.

**عێراق - ڕێبازەکانی پیشەسازی**

- ڕێبازەکانی پیشەسازی لە عێراقدا،خەلیل محەمەد حەسەن،ژ(٢)ی١٩٨١،ل٦٦-٧٠.

**فەرهەنگی ئابووری**

- فەرهەنگۆگ،ب١،فەیسەل نورەدین دەباغ،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٤٥-٤٦.
- فەرهەنگۆگ،ب٢،فەیسەل نورەدین دەباغ،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل٦٢-٦٥.
- فەرهەنگۆگ،ب٣،فەیسەل نورەدین دەباغ،ژ(٣)ی ٦٨،١٩٨٢-٧٠.

**شارە پیشەسازییەکان — گرنگیان**

- گرنگی شارە پیشەسازییە نوێکان و پەیوەندییان لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووریدا،د. باسیل یەعقوب" وەرگێرانی لە عەرەبییەوە عەبدولوەهاب تاڵەبانی،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل٧١-٨٢.

**کادری تەندروستی - پلاندانان**

- چاوپێخشاندنێك بە پلاندانان بۆ کادیری تەندروستی لە عێراقدا،عەبدولوەهاب تاڵەبانی،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٤٠-٤٤.

**هەولێر — کێشەی نیشتەجێ**

- لایەنە تایبەتیەکانی کێشەی نیشتەجی لە شاری هەولێردا،ئیبراهیم فەتاح خەتاب،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٣٤-٣٩.

**هەمەجۆر**

- ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ لە هەولێر،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٤٨.
- ئەندامانی دەستەی بەڕیوەبەری لقی هەولێر،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١٣١.
- پیرۆزبایی،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١٣٢.
- چالاکییەکانی کۆمەڵە،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨١،ل٤٧.
- کۆڕێك،ژ(٢)ی١٩٨١،ل١٣١.
- ناوی ئەندامانی دەستەی گشتی،ژ(١)یی تەمووزی ١٩٨٠،ل٤٩-٥٠.
- هەڵسەنگاندنی کاربەجێهێان ڕێگایەکە بۆ ئامانجێك، مەهدی ئەلسەقەر" وەرگێرانی بە دەسکارییەوە حوسێن عارف،ژ(٢)١٩٨١،ل٨٣-٩١.

**وتار**

- پێشەکی،حەسەن ئەلنەجەفی،ژ(٢)ی١٩٨١،ل٣-٥.
- وتەیەك،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٥-٦.
- وتەی ژمارە،ژ(٣)ی ١٩٨٢،ل ٣-٤.
- وتەی سەدام حوسێن،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل١.
- وردبوونەوەیەکی پەلە بە ئابووری ئێراندا،کاروان شارەزووری،ژ(٢)ی١٩٨١،ل٦-١١.

**یاسا**

- کورتە باسێك لە بابەت (پێناسین و بەشەکانی یاسا)ەوە،د. سەعدی بەرزنجی،ژ(٣)ی١٩٨٢،ل٥-٢٧.

## ئیندێکسی نووسەران

**ئیبراهیم فەتاح خەتاب**

- لایەنە تایبەتیەکانی کێشەی نیشتەجی لە شاری هەولێردا، ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٣٤-٣٩.

**حەسەن ئەلنەجەفی**

- پێشەکی، ژ(٢)ی١٩٨١،ل٣-٥.

**حوسێن عارف**

- هەڵسەنگاندنی کاربەجێهێان ڕێگایەکە بۆ ئامانجێك مەهدی ئەلسەقەر" (وەرگێڕان بە دەسکارییەوە )،ژ(٢)١٩٨١،ل٨٣-٩١.

**خەلیل محەمەد حەسەن**

- ڕێبازەکانی پیشەسازی لە عێراقدا، ژ(٢)ی١٩٨١،ل٦٦-٧٠.

**عەبدولوەهاب تاڵەبانی**

- چاوپێخشاندنێك بە پلاندانان بۆ کادیری تەندروستی لە عێراقدا، ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٤٠-٤٤.
- گرنگی شارە پیشەسازییە نوێکان و پەیوەندییان لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووریدا،د. باسیل یەعقوب"( وەرگێڕان)،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل٧١-٨٢.

**فەرید زامدار**

- سەرژمێری ئابووری ،(وەرگێڕانی)،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١١٨-١٢١.

**فەیسەل نورەدین دەباغ**

- فەرهەنگۆگ،ب١، ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٤٥-٤٦.
- فەرهەنگۆگ،ب٢، ژ(٢)ی ١٩٨١،ل٦٢-٦٥.
- فەرهەنگۆگ،ب٣، ژ(٣)ی ٦٨،١٩٨٢-٧٠.

**سەعدی بەرزنجی(دکتۆر)**

- کورتە باسێك لە بابەت (پێناسین و بەشەکانی یاسا)ەوە، ژ(٣)ی١٩٨٢،ل٥-٢٧.

**سۆران عیزەدین فەیزی**

- گەشبینی و ڕەوشبینی لەمەسەلەی دانیشتواندا، ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٢٤-٣٣.

**کاروان شارەزووری**

- وردبوونەوەیەکی پەلە بە ئابووری ئێراندا، ژ(٢)ی١٩٨١،ل٦-١١.

**کاکە مەم بۆتانی**

- بەرهەمی ڕۆژانەی کرێکارانی دارستان، ژ(٢)١٩٨١،ل١٢-٦١.
- لێکۆڵینەوە،بەرهەمی لەڕۆژانەی کرێکارانی دارستانەکان، ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٧-٢٣.

**مارف عومەر گوڵ**

- سنوورێك بۆ ڕاگرتنی زۆربوونی دانیشتوان ، محەمەد خدر قرش" (وەرگێڕان)،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١٠٩-١١٧.

**محەمەد فازیل قەفتان(دکتۆر)**

- گەشەکردنی ئابووری و لێدوانێك دەربارەی زاراوەی دواکەوتن ، ژ(٣)ی ١٩٨٢،ل٢٨-٥٣.

**محەمەدی مەلا کەریم**

- ئیمپریالیزم ولاّتە تازە گەشەکردوەکانی بەنیشان ناوەتەوە بۆ چەوساندنەوە، ژ(٣)ی١٩٨٢،ل٥٤-٥٨.

**نەژاد عەزیز سورمێ**

- حوت بلیۆن ئینسان چۆن تێر دەبێ،(وەرگێرانی بە دەستکارییەوە )،ژ(٣)ی ١٩٨٢،ل٥٩-٦٧.
- دەربارەی کۆچی بەهرەداران، ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١٢٢-١٢٥.

## ئیندێکسی ناونیشان

- ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ لە هەولێر،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٤٨.
- ئەندامانی دەستەی بەڕیوەبەری لقی هەولێر،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١٣١.
- ئیمپریالیزم ولاّتە تازە گەشەکردوەکانی بەنیشان ناوەتەوە بۆ چەوساندنەوە،محەمەدی مەلا کەریم،ژ(٣)ی١٩٨٢،ل٥٤-٥٨.
- بەرهەمی ڕۆژانەی کرێکارانی دارستان،کاکە مەم بۆتانی،ژ(٢)١٩٨١،ل١٢-٦١.
- پیرۆزبایی،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١٣٢.
- پێشەکی،حەسەن ئەلنەجەفی، ژ(٢)ی ١٩٨١، ل٣-٥.
- چالاکییەکانی کۆمەڵە،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨١،ل٤٧.
- چاوپێخشاندنێك بە پلاندانان بۆ کادیری تەندروستی لە عێراقدا،عەبدولوەهاب تاڵەبانی،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٤٠-٤٤.
- حەوت بلیۆن ئینسان چۆن تێر دەبێ،وەرگێرانی بە دەستکارییەوە نەژاد عەزیز سورمێ،ژ(٣)ی ١٩٨٢، ل٥٩-٦٧.
- دەربارەی کۆچی بەهرەداران، نەژاد عەزیز سورمێ، ژ(٢)ی ١٩٨١، ل١٢٢-١٢٥.
- ڕێبازەکانی پیشەسازی لە عێراقدا،خەلیل محەمەد حەسەن،ژ(٢)ی١٩٨١،ل٦٦-٧٠.
- سەرژمێری ئابووری ،وەرگێرانی فەرید زامدار،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١١٨-١٢١.
- سنوورێك بۆ ڕاگرتنی زۆربوونی دانیشتووان ، محەمەد خدر قرش" وەرگێرانی مارف عومەر گوڵ،ژ(٢)ی ١٩٨١،ل١٠٩-١١٧.
- فەرهەنگۆگ، ب١، فەیسەل نورەدین دەباغ، ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٤٥-٤٦.
- فەرهەنگۆگ،ب٢،فەیسەل نورەدین دەباغ، ژ(٢)ی ١٩٨١،ل٦٢-٦٥.
- فەرهەنگۆگ،ب٣،فەیسەل نورەدین دەباغ،ژ(٣)ی ٦٨،١٩٨٢-٧٠.
- کورتە باسێك لە بابەت (پێناسین و بەشەکانی یاسا)ەوە،د. سەعدی بەرزنجی،ژ(٣)ی١٩٨٢،ل٥-٢٧.
- کۆڕێك،ژ(٢)ی١٩٨١،ل١٣١.
- گەشەکردنی ئابووری و لێدوانێك دەربارەی زاراوەی دواکەوتن ،د. محەمەد فازیل قەفتان،ژ(٣)ی ١٩٨٢،ل٢٨-٥٣.
- گەشبینی و ڕەوشبینی لەمەسەلەی دانیشتواندا،سۆران عیزەدین فەیزی،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠، ل٢٤-٣٣.
- گرنگی شارە پیشەسازییە نوێکان و پەیوەندییان لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووریدا،د. باسیل یەعقوب" وەرگێرانی لە عەرەبییەوە عەبدولوەهاب تالەبانی، ژ(٢)ی ١٩٨١،ل٧١-٨٢.
- لایەنە تایبەتیەکانی کێشەی نیشتەجی لە شاری هەولێردا،ئیبراهیم فەتاح خەتاب،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٣٤-٣٩.
- لێکۆڵینەوە،بەرهەمی لەڕۆژانەی کرێکارانی دارستانەکان، کاکە مەم بۆتانی،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٧-٢٣.
- ناوی ئەندامانی دەستەی گشتی،ژ(١)یی تەمووزی ١٩٨٠،ل٤٩-٥٠.
- هەڵسەنگاندنی کاربەجێهێان ڕێگایەکە بۆ ئامانجێك مەهدی ئەلسەقەر" وەرگێرانی بە دەسکارییەوە حوسێن عارف،ژ(٢)١٩٨١،ل٨٣-٩١.
- واقیعی پیشەسازی لە کوردستانداو ئاسۆی گەشەکردنی،ژ(٢)١٩٨١،ل٩٢-١٠٨.
- وتەیەك،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل٥-٦.
- وتەی ژمارە،ژ(٣)ی ١٩٨٢،ل ٣-٤.
- وتەی سەدام حوسێن،ژ(١)ی تەمووزی ١٩٨٠،ل١.
- وردبوونەوەیەکی پەلە بە ئابووری ئێراندا،کاروان شارەزووری،ژ(٢)ی١٩٨١،ل٦-١١.






# شێوازی بە ئەلەکترۆنکردنی کتێبخانەکان لەچەند هەنگاوێکدا

**و. ڤیان ئەنوەر**

کاتێ باس لە تەکنەلۆجیای زانیاریەکان دەکەین، مەبەستمان بەکارهێنان و جێبەجێ کردنیەتی لەبواری کتێبخانە و زانیاریەکاندا، وە چۆنیەتی پلاندانان بۆ دابەزاندنی ئەو خزمەتگوزاریە بۆ تۆمارکردن و سەرلەنوێ سوود وەرگرتن لێی.

لێرەشدا مەبەستمان لە کتێبخانەی ئەلەکترۆنییە وە بەراوردکردن لە نێوان ئەو خزمەتگوزاریانەی کە کتێبخانەیەکی ئاسایی پێشکەشی دەکات، هەروەها ئەو خزمەتگوزاریانەی لە ڕێگای کتێبخانە ئەلەکترۆنیەکانەوە پێشکەش دەکرێن. ئەوەی زیاتر مەبەستمە لێرەدا باسی بکەم، ئاماژەدانە بەو سیفەتانەی پێویستە هەبێت لە کاتی بونیادنانی کتێبخانەیەکی ئەلەکترۆنی.

• تایبەتمەندیە گرنگەکانی بواری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاریەکان لە کتێبخانەدا.

١- کاریگەری زیاتر و پێشکەوتوتر لە ئەنجامدانی کارە هونەریەکاندا.
٢- کەم کردنەوەی کارە لاوەکییەکان وە زیاتر گرنگیدان بە کارە سەرەکییەکان، ئەمەش کاتێکی زۆر بۆ کارمەندی کتێبخانە ئەگێڕێتەوە.
٣- بەهۆی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان دەتوانرێت ئەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش بکرێت کە لە پێشتر نەتوانراوە بکرێت لەلایەن ئەمیندارانی کتێبخانەوە.
٤- بەڕێوەبردنێکی خێرا و ئاسان لەگەیاندنی زانیاریەکاندا.

• بۆ جێبەجێ کردنی پرۆگرامی تەکنەلۆجیای زانیاریەکان لە کتێبخانەکاندا، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- دابینکردنی ئامێری کۆمپیوتەری پێویست.
٢- دروستکردنی هێڵی پەیوەندی ناوخۆیی.
٣- ئامێری چاپکردن Printers .
٤- ئامێری لەبەرگرتنەوە (سکانەر) Bar cde Scanner.
٥- سیستمی خوێندنەوەی پرۆگرامی CD-Rom , CD.
٦- دانانی پرۆگرامێک بۆ پاراستنی زانیاریەکان کە بە ئەنتی ڤایرۆس ناسراوە. Security Gate .
٧- دانانی ئەو سیستەمەی کە کاری بەڕێوەبردنی کتێبخانەی ئەلەکترۆنی دەکات.
٨- دانانی یاسایەک بۆ خوێندنەوەی زانیاریە بیبلیۆگرافیەکان، واتە داتابەیس Data bases Bibliographic .
٩- دروستکردنی هێڵی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەتۆڕی ئینتەرنێتی جیهانیەوە.

• لە پێداویستیە گرنگەکانی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کتێبخانەی ئەلەکترۆنی:

١- ئەو ئامێرانەی پێویستە بۆ کارپێکردنی پرۆگرامەکە و دانانی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ تۆمارکردن و سەرلەنوێ پێدانەوەی زانیارییەکان.
٢- دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بنکە زانیارییەکاندا.
٣- بەشداری کردن لە گۆڤارە ئەلەکترۆنیەکاندا کە لەو ڕێگایەشەوە پەیوەندی دەبەسترێت لە نێوان کتێبخانە و دەزگاکانی بلاوکردنەوە بە کۆدێکی تایبەتی.
٤- نووسینی پاشکۆی زانیاریەکان لەسەر پێگەی ڕۆژنامە ئەلەکترۆنییەکان لە بەشی خوارەوەی سیستمەکە.
٥- پێکەوە بەستنی پێگەی گۆڤارە ئەلەکترۆنییەکان لەگەڵ سیستمی پێرستکردنی ئەلەکترۆنی کتێبخانەدا.
٦- پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی لەبەرگرتنەوە چاپ.

• بۆ بەدەستهێنانی کتێبخانەیەکی ژمارەیی ئەلەکترۆنی، پێویستە بەو سستەمی هەنگاوەدا بڕۆین:

١- هەنگاوی یەکەم: تۆمارکردنی زانیاریەکان لەسەر بەشەکان و سەرچاوەکانی کتێبخانە.
٢- هەنگاوی دووەم: دابەزاندنی ئەو زانیاریانەش بە پرۆگرامێ کە کۆمپیوتەر بیخوێنێتەوە.
٣- هەنگاوی سێیەم: بە ژمارەکردنی ئەو زانیاریانە بە شێوازێک کە دەقەی بگۆڕێت بۆ شێوازی سەرنج ڕاکێش و وێنەی جوڵاو.

• بێگومان ئەنتەرنێت ئەو ژینگەیەیە کە باوەشی کردوتەوە بۆ کتێبخانە ئەلەکترۆنیەکان، وە بەبۆچوونی زۆر لە زانایانی ئەم بوارە، ئینتەرنێت بە ژینگەیەکی گونجاو دادەنرێت بۆ گەشەکردن و زیادبوونی کتێبخانە ئەلەکترۆنیەکان، ئەمەش لەدواتردا هاوکاریەکی باشدەبێت بۆ پێشخستنی کتێبخانەکان لەڕووی جۆری سەرچاوە و زۆری لە ژمارەدا، وە هەر لەو ڕێگایەشەوە کتێبخانە ئەلەکترۆنیەکان ئەتوانن ئەو سودانە بە خوێنەران بگەیەنن:

١- کۆکردنەوەی زۆرترین سەرچاوە بەتایبەتی ئەلەکترۆنییەکان بۆ ئەو کتێبخانانەی هەموو جۆرە سەرچاوەیەکیان نییە.
٢- لەبەرگرتنەوەی زۆرترین ژمارەی ئەو گۆڤارانەی بە شێوەی وەرەقی یا کاغەزی کە لەکتێبخانەکاندا دەست ناکەون.
٣- خێرایی لە گەیاندنی زانیارییەکاندا.
٤- بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی ئەو زانیاریانەی کە خوێنەر پێویستی پێیەتی، بە تایبەت لە بواری زانیاریەکاندا، وەک پێرستی یەکگرتووی چەند کتێبخانەیەک و خزمەتگوزاری (ڕێبەر- تکشیف)، هەروەها (کورتکراوەکان- استخلاص) و سەرچاوەکانی وەک نەخشە و فەرهەنگ و ئینسایکلوپیدیاو... هتد.
٥- کەمی بڕی تێچوونی بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوە وەرەقییەکاندا.



**لەکتێبخانەی کوردییەوە**

# ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی.. لێکۆڵینەوە

**بوار نورەدین**

ئەم کتێبە کە لە نووسینی د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٠دا بە یاریدەی (وەزارەتی کاروباری شیمال) لە چاپخانەی (دار الجاحظ) لە بەغداد لە چوارچێوەی ١٦٤ لاپەڕەی قەوارە (١٧×٢٣ سم)دا چاپ بووە(*). لە ساڵی ١٩٧٩یشدا، چاپی دووەمی بەناونیشانی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کورد) لەلایەن (زانکۆی سلێمانی)یەوە "لە چاپخانەی (زانکۆ)" بە ژمارە سپاردنی (٩٠٨) و لە ٢٣٣ لاپەڕەی هەمان قەوارەدا، چاپ بووەتەوە. هەر لەلایەن نووسەرەوە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە و لە ساڵی ١٩٨٧دا، لەدووتوێی ٢٠٨ لاپەڕەی قەوارە (١٧×٢٤ سم)دا، ژمارە (١٦٠)ی بلاوکراوەکانی (دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی) وەرگرتووە و بەناوی (دراسة في أدب الفلكلور الكردي) لە بەغداد لە چاپخانەی (دار الحرية) چاپ بووەتەوە. هەروەها لەساڵی ٢٠٠٠دا، لە ژێر ناوی (پژوهشى در فولكلور كردى) لەلایەن (عرفان ساحبی)یەوە بۆ زمانی فارسی وەرگێڕدراوە و لەلایەن (ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی) لە ورمێ لە دووتوێی (١٣٦)ی لاپەڕەی قەوارە (١٥×٢١ سم)دا چاپ بووە. لەهەمان کات و بەپێی ئاماژەی (د. عیزەدین) (**)، ئەم کتێبە لەلایەن (هاشمی سەلیمی)یشەوە بۆ زمانی فارسی وەرگێڕدراوە.

ناوەڕۆکی چاپی یەکەم (بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ئەفسانە، چیرۆک، سەرگوزشتە، داستان، داستانی دلداری و ئەڤین، داستانی دلداری و خۆماڵی و هاوبەش و بێگانە، گۆرانی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، گاڵتەوگەپ، قارەمانی خۆماڵی و گاڵتەوگەپ، مەتەڵ). هەروەها ناوەڕۆکی چاپی دووەمیش (سەرەتایەکی تیۆری، فۆلکلۆر چییە؟ بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چیرۆک، سەرگوزشتە، داستان، داستانی کوردی و جۆرەکانی، قارەمانی گاڵتەوگەپ، مەتەڵ، پێرستی ناوەکان، سەرچاوەکان، فەرهەنگی هەندێ وشەی لاتینی، هەندێ بابەتی تر، ناوەڕۆک)، ڕێکخراوە. بێگومان جیاوازی ناوەڕۆکەکە هەر لەلایەن نووسەرەوە پێداچوونەوەی پێداکراوە و بەشێوازێکی نوێتر، ڕێکخراوەتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم کتێبە بە یەکێک لە بایەخدارترین سەرچاوە لەسەر (ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی) دادەنرێت؟ چونکە کەمن ئەوانەی لێکۆڵینەوە و بابەتیان لەسەر فۆلکلۆری کوردی نووسیوە، دیارترین ئەو لێکۆڵینەوانەش "بەتایبەت لە ساڵانی هەشتاکان و ڕەنگە تاکو ئێستاش"، ئەو دوو لێکۆڵینەوەیەن کە (مامۆستا کامەران موکری) و (د. شوکریە ڕەسووڵ) نووسیویانە و بەناوی بەشی یەکەم و دووەمی (ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی) و وەک (مەنهەج)ێک بۆ زانکۆی سلێمانی ئامادە کراون و لە ساڵی ١٩٨٤دا چاپ بوون... دیارە کتێبی ناوبراویش "وەک مەنهەج" لە هەمان زانکۆدا، خوێندراوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، جگە لەوەی کە بۆچوونی چەند زانایەکی جیهانی و فۆلکلۆرناسێکی خۆرهەڵاتی وەک: گۆرکی، چیرنشێفسکی، ئەبۆڤیان، مار، مینۆرسکی، ڤاسیلی نیکتین و ئەبۆڤیان، لەسەر (فۆلکلۆر) بەگشتی و (فۆلکلۆری کوردی بەتایبەتی) خستووەتە ڕوو، هەروەها خۆیشی "د. عیزەدین" بە چەند شێوەیەک باس لە بایەخی فۆلکلۆر دەکات. بۆ نموونە، لە لاپەڕە ٩ی چاپی دووەمدا دەڵێت: **((فۆلکلۆر کەرەسەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیان و زمان و مێژووی هەموو میللەتێک، تەنانەت کەرەسەشە بۆ زانایانی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی و ئەتنۆگرافیاش...))**. دەربارەی فۆلکلۆری کوردیش دەڵێت: **((گومان لەوەدا نەماوە کە نەتەوەی کورد لەفۆلکلۆردا یەکێکە لەنەتەوە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان، هۆی ئەمەش تەنیا ئەوەنییە کە ئەدەبیاتی نووسراو نەختێک درەنگ لەناو کورددا پەیدا بوو بێت. بەڵکوو ژیانی تایبەتی گەلی کورد و وێنەی جیاواز و گۆرانی زوو بە زوو لەم وێنانەدا، بوونەتە هۆی ئەم دەوڵەمەندییە، هەروەک بوونی چەند دیالێکتێک، هێندەی تر دەوڵەمەندی کردووە، هەروەها زرووفی تایبەتی وایکردووە کە بەشی زۆری ئەدەبی میللی بەناوی خاوەنەکەیەوە بلاونەبێتەوە و ئەوەش دەماودەم و پشتا و پشت، بمێنێتەوە و بچێتە سەر گەنجینەی فۆلکلۆرمان.))**

لەم پەرەگرافە کورتەدا، نووسەر تیشکی خستووەتە سەر ئەو هۆکارە گرنگانەی کە بوونەتە هۆی دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردی، جگە لەم خاڵانەش، چەند هۆکارێکی دیکەش هەن کە کاریگەرییان لەسەر فۆلکلۆری کوردی هەبووە(***).

هەر لەچوارچێوەی ئەم کتێبەدا، د. عیزەدین ئەدەبی فۆلکلۆری بەسەر ئەم بەشانەدا "ئەفسانە، ئێپۆسیا (بەیت- لاوک)، گۆرانی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، گاڵتەو گەپ، مەتەڵ" پۆلێن دەکات و لەڕووی تیۆریشەوە، شیکردنەوەیان بۆ دەکات و لە فۆلکلۆری کوردیشدا، نموویان بۆ دەهێنێتەوە.

ماوەتەوە بڵێین: هەرچەند ئەم کتێبەش دوو جار بە زمانی کوردی و جارێک بەزمانی عەرەبی و دوو جاریش بە زمانی فارسی، چاپکراوە، بەڵام هێشتا پێویستە بەشێوازێکی نوێ چاپ بکرێتەوە و سەرلەنوێ بخرێتەوە بەر دیدی خوێنەران.




**پەراوێزەکان:**

(*) شایانی باسە، نەخشەسازی و خۆشنووسیی بەرگی چاپی یەکەم، لەلایەن هونەرمەندی دەست ڕەنگین (محەمەد زادە)وە نەخشێنراوە.

(**)"لەکاتێکدا خەریکی ئامادەکردنی کتێبی "بیبلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆری کوردی، پرۆژەی کتێبخانەی ئینستیتوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (شڤان)" بووم و "د.عیزەدین" بە بیبلیۆگرافیاکەدا چووەوە و پێشەکیشی بۆ نووسیم، لەم خاڵە ئاگاداری کردمەوە.

(***) بۆ زیاتر زانیاری زیاتر دەربارەی ئەمە، بڕوانە: دەنگی مێینە لە فۆلکلۆری کوردیدا، بوار نورەدین، لە بلاوکراوەکانی ئینستیتوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (شڤان).

# پێڕست "الفهرسة" Cataloging

(٢-٢)

شێرزاد سەعید محەمەد

### سوودەکانی پێرست بە شێوەیەکی گشتی بۆ کتێبخانەو بنکە زانیارییەکان

١- هۆکارێکە بۆ وەسفکردن و ڕێکخستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە.
٢- ڕێنیشاندەری خوێنەرە بۆ ئەو شوێنەی کە سەرچاوەکەی لێیە لە کتێبخانە.
٣- وێنیەکی پێش وەخت بە خوێنەر دەدات لەسەر سەرچاوەکە، پێش ئەوەی سەرچاوەکە بخوێنێتەوە.
٤- دەبێتە هۆکارێکی پەیوەندنی نێوان خوێنەر و کتێبخانە.

### ئەو زانیاریانەی کە بە هۆی پێڕستەوە لە کتێبخانە دەستمان دەکەوێت

١- ئایا لە کتێبخانەدا سەرچاوەیەك بە ناوی نووسەرێکی دیاریکراو هەیە؟
٢- ئایا ئەم ناونیشانە لە کتێبخانەدا دەست دەکەوێت؟
٣- ئایا چەند سەرچاوە لە کتێبخانەدا هەیە، لە ژێر ئەم بابەتە؟
٤- ئایا کام چاپی ئەم سەرچاوەیە لە کتێبخانەدا دەست دەکەوێت؟
٥- ئایا ئەم سەرچاوەیە کە بەم زنجیرەیە دەردەچێت، لە کتێبخانەدا دەست دەکەوێت؟

### جۆرەکانی پێرستی کارت

ا- پێرستی نووسەر =فهرست المؤلف=
author catalog

تێیدا کارتەکانی پێرست بەپێی ناوی نووسەر (ئەلفبێی) ڕیز دەکرێت، کە بە هۆیەوە دەتوانین بڵاوکراوەکانی نووسەرێك کۆبکەینەوەو بزانین چەند بڵاوکراوەی ئەو نووسەرە لە کتێبخانەدا هەیە.

ب- پێرستی ناونیشان = فهرس العنوان=
title catalog

کارتەکانی پێرست بەپێی ناونیشانی سەرچاوەکان (ئەلفبێی) ریزبەند دەکرێت.

ج- پێرستی بابەتی =فهرس الموضوعي=
subject catalog

کارتەکانی پێرست بەپێی بابەتەکانی (ئەلفبێی) ڕیزبەند دەکرێت، کە لەڕێگایەوە دەزانین چەند بابەتی دیاریکراو لە کتێبخانەیەکدا هەیە.

د- پێرستی فەرهەنگی =الفهرس القاموسي=
dictionary catalog

بەهۆیەوە کارتەکانی پێڕست، نووسەر، ناونیشان، بابەت، پێکەوە کۆدەکرێتەوە. ئەمەش یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی پێرست، بەهۆیەوە خوێنەر دەگاتە سەرچاوەکان، ئەگەر هەریەك لە ناوی نووسەر، ناونیشان، بابەت، بزانێت.

هـ- پێرستی پۆلێن کراو =فهرس المصنف=
classification catalog

لەم جۆرە پێرستەدا کارتەکانی پێرست لە ڕێگای ژمارەی پۆلێنەوە ڕێك دەخرێت.

و- پێرستی ڕەف =فهرس الرف=
shelf catalog

ئەم جۆرە پێرستە لە کتێبخانەکاندا دادەنرێت، زیاتر لەلایەن کارمەندانی بەشی پێرست و پۆلێنەوە، بەکاردێن. کارتەکانی ئەم جۆرە پێرستە، بەپێی ڕیزکردنی سەرچاوەکان لەسەر ڕەفەکانی کتێبخانە، ڕێك دەخرێت.

### سوودەکانی پێرستی ڕەف

١- بۆ کاری ئاماری کتێب بەکاردەهێنرێت.
٢- بەهۆیەوە ژمارەی دانەکانی سەرچاوەیەك دەردەکەوێت لەهەمان ناونیشان کە لە کتێبخانەدا هەیە.
٣- هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان بابەتەکانی کتێبخانە.
٤- دەتوانرێت وەك بنچینە بۆ کاری بیبیلۆگرافی بەکاربهێنرێت.



### چۆنیەتی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سەرچاوەیەك بەمەبەستی پێرست کردنی

یەکەم: تاوتوێ کردنی سەرچاوەکە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری.
دووەم: دەستنیشان کردنی زانیارییەکان بەمەبەستی تۆمارکردنیان.
ئەو زانیاریانەمان لەبەرگی سەرچاوەکە، پەڕەی ناونیشان، پەڕەی دوای ناونیشان، لیستی ناوەڕۆکی سەرچاوەکە، پێشەکی سەرچاوەکە، ناونیشانی لاپەڕەکان، کورتکراوەی سەرچاوەکە کە لە بەرگی کۆتایی سەرچاوەکەدایە، ئەو سەرچاوانەی کە نووسەر پشتی پێبەستوون، دەقی سەرچاوەکە، وەرگرتنی بیرو ڕای شارەزایان.

### هەندێ لەو نیشانانەی کە لە کاری پێرست کردندا بەکاردێن

(=) بەکاردێت لە نێوان ناونیشانی سەرەکیو ناونیشانی بەرامبەر.
(:) بەکاردێت لە نێوان.
١) ناونیشانی بەرامبەرو ناونیشانی یاریدەدەر.
٢) لەنێوان شوێنی بڵاوکردنەوەو بڵاوکەرەوە.
٣) لە نێوان لاپەڕەو قەوارە.
(/) بەکاردێت لەنێوان.
١) ناونیشان یاخود ناونیشانی یاریدەدەرو نووسەر.
٢) وەسف و شێوازی چاپ لەگەڵ هەر زانیارییەکی تر کە لە سەر چاپەکە بێت.
(،) بە کاردێت لە نێوان.
١) نووسەری یەکەم و دووەم... هتد.
٢) وەرگێری یەکەم و دووەم... هتد.
٣) کۆکەرەوەی یەکەم و دووەم... هتد.
٤) چاپ و وەسفی چاپ.
٥) بڵاوکەرەوەو مێژووی بڵاوکردنەوە.
٦) بەش و لاپەڕە.
٧) ناوی نووسەرو نازناوی.
(") بەکاردێت لە نێوان نووسەرو و وەرگێر و کۆکەرەوە... هتد.
(-) بەکاردێت لە نیوان.
١) زانیاری لەسەر نووسەرو چاپ.
٢) چاپ و شوێنی بڵاوکردنەوە.
٣) قەوارەو زنجیرە.
(.) بەکاردێت.
١) لە دوای ساڵی چاپ.
٢) لە دوای نووسینی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی دەروازەی یاریدەدەر.

### ئەو دووریانەی کە لە کاری پێرستکردندا بە کاردێن

دووری =الابعاد= indention

مەبەستمان لە دووری (بعد) ئەو ماوەیەیە کە لە کاتی نووسینی زانیارییەکاندا لەسەر سەرچاوەیەك تۆماری دەکەین، لەسەر ئەو کارتەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە، کە بە دەست پێدانانی دووگمەی چاپکردن دەپێورێت. سێ جۆر دووریمان هەیە لە تۆمارکردنی زانیارییەکان لەسەر کارتەکان:_

ا) دووری یەکەم =البعد الاول=
first indention

ئەویش بریتی یە لە (٨) ماوە لەسووچی کارتەکەوە بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردێت:
١- دەروازەی سەرەکی کارت.
٢- بۆ تەواوکردنی ئەو زانیاریانەی کە تایبەتە بە ناونیشان، لاپەڕەکان، تێبینی، لە کاتێکدا ئەو شوێنەی کە بۆی دیاریکراوە، بەشی نەکات.

ب) دووری دووەم =البعد الثاني=
second indention

ئەویش بریتییە لە (١٢) ماوە لە سووچی کارتەکەوە (چوار ماوە لە دەروازەی سەرەکی کارتەکەوە بە لای چەپدا). ئەویش بۆ ئەو مەبەستانە بە کاردێت:
١- نووسینی دەروازەی یاریدەدەر.
٢- ناونیشان. ٣- لاپەرە. ٤- تێبینی.
٥- دواکەوتن (المتابعه).

ج) دووری سێیەم =البعد الثالث=
third indention

ئەویش بریتییە لە (١٤) ماوە، واتە (٦) ماوە لەلایی چەپی دەروازەی سەرەکی، لەم کاتانەدا بەکاردێت:
١- کاتێك کە دەروازەی سەرەکی درێژ بێت و لە دێڕی یەکەمدا تەواو نەبێت، ئەوا لە دێڕی دووەم لەسەر دووری سێیەم، دەستپێدەکات.
٢- بۆ تەواوکردنی دەروازەی یاریدەدەر ئەگەر درێژ بێت، ئەوا لەسەر دووری سێیەم دەست پێدەکات.
٣- ئەگەر بەشەکانی سەرچاوەکە کراوە بوو، واتە تەواو نەبووبوو، ئەوا بەکراوەیی لەسەر دووری سێیەم دەنووسرێت و بە پیتی (ج) بۆ سەرچاوەی عەرەبی و پیتی (ب) بۆ سەرچاوەی کوردی و پیتی (V) بۆ سەرچاوەی ئینگلیزی، ئاماژەی پێدەکرێت.

د) دووری هەڵواسراو =البعد المعلق=
hanging indention

ئەم جۆرە دوورییانە تەنها لەو کاتانەدا بەکاردێت کە دەروازەی سەرەکی کارتەکە بە ناونیشانی سەرچاوەکە بێت، ئەویش بە نووسینی دەروازەکە لەسەر دووری یەکەم دواتر دێڕی دووەم دووری دووەم دەبێت تاوەکو کۆتایی، بە شێوەیەك وەك ئەوەی کارتەکە هەڵواسرابێت.

### نموونەیەکی روونکراوە لەکارتی پێڕست کردن

ژمارەی پۆلێن
ژمارەی ناوی نووسەر     ناوی نووسەر
ناونیشانی سەرچاوە = ناونیشانی بەرامبەر : ناونیشانی یاریدەدەر /
نووسەری یەکەم ، نووسەری دووەم ؛ کۆکەرەوە لێکۆڵەرەوە وەرگێر بەهەمان
شێوەی ناوی نووسەر .- چاپ ، وەسفی چاپ .-
شوێنی بلاو کردنەوە : بڵاوکەرەوە ، ساڵ .
بەش ، لاپەڕە : قەبارە .- زنجیرە
ڕوونکردنەوە و سەرنج
ا- سەرەبابەتی یەکەم ٢- سەرەبابەتی دووەم ٣- سەرەبابەتی سێیەم
أ- نووسەری یاریدەدەر ب- وەرگێر ج – کۆکەرەوە
ب- ناونیشان ج – زنجیرە .

س
٠٧٠,٣
ج٥٢٧     جەمال عەبدول
فەرهەنگی راگەیاندن= A dictionary Of Communication: بەزمانی
ئینگلیزی– عەرەبی – کوردی/ دانانی جەمال عەبدول.–چ١.–
سلێمانی: سەردەم، ٢٠٠٦.
٨٤٢ل.: ١٧×٢٤سم.– (زنجیرەی کتێبی سەردەم ژمارە ٣٦٦)
١– راگەیاندن– فەرهەنگ
أ – ناونیشان.     ب– زنجیرە

# زانستی پێڕستو دۆکۆمێنتاری

یەك لەو بابەتانە کە تا ئەم ساتە لە کتێبخانەی کوردیدا بەهەژاری ماوەتەوە (زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان)ـە، کە لەجیهاندا بایەخی پێویستی پێدراوە، تەنانەت لە کتێبخانەی دەوڵەمەندیی عەرەبیدا گەلێ سەرچاوەی گرنگی سەر بەو زانستە، دەبینرێن.
بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کتێبخانە (بەگشتییەکانو تایبەتمەندو فەرمیو قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکانەوە) و کارایی دوو بەشی کتێبخانەو زانیاریی لە هەردوو پەیمانگای تەکنیکی هەولێرو سلێمانیو بەخششی بەرچاوی دامودەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوە لەکوردستانداو زۆریی ئەرشیفی دەزگاکانی میدیاو رۆژنامەوانیی، دەخوازن گەلێ کتێبی گرنگ لەم بوارەدا بێنە بەرهەم.
ئێمە لای خۆمانەوە، وەك دوو کارمەندی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، ئەم کتێبە وەرگێڕراوە پێشکەش بە کتێبخانەی کوردیو سەرجەم کارمەندانی کتێبخانەکانو خوێندکارانی بوارەکە دەکەین، هیوادارین دیارییەکەمان بەدیهێنەری راستییە ئاماژە بۆکراوەکانو مەبەستەکەی ئێمە بێت، وا لەم ژمارەیەشەوە وەکو یەکەمین کتێبی (ئاسۆی کتێبخانە) بەزنجیرە دەیخەینە بەرچاو.

**یاسین قادر بەرزنجی- ساکار عەلی عەبدوڵڵا**

**د. شاكر السعيد***

## بەشی یەکەم: زانستی پێڕست

### مانای زانستی پێڕست:

زانستی پێڕست، ئەو زانستەیە کە ناوی سەرجەم کتێب، یان زانستەکان، یان نووسەرانی تێدا کۆدەبێتەوە، لەلایەکی تریشەوە زانیاریو بابەتەکان بەشێوەی جۆراوجۆر یەك دەخات، لەگەڵ ڕیزبەندییان بەشێوەی تایبەت، تاکو مرۆڤ بتوانێ لەکاتی بەدواداچوونی پرۆگرامی تایبەت بەپێڕست، سوودیان لێ وەربگرێت.

### چەمکی پێڕست

سەبارەت بەپێڕست، (الليث) وتویەتی:

ئەو کتێبەیە کە هەموو کتێبەکان کۆدەکاتەوە، هەروەها وتویەتی: عەرەبیی پوختو رەسەن نییە، بەڵام بەعەرەبیی کراوە، یاخود "عەرەبێنراوە"...

پێڕست، بەرهەمی پرۆسەی پێڕستکردنە، وشەکەشی عەرەبیی نییە، بەڵکو لەوشەی (فهرست)ی فارسییەوە وەرگێراوە، واتا (لیستی کتێب)، یان (لیستی بابەتەکانی کتێب) دەگەیێنێت.

ابن النديم ساڵی ٩٨٧ی زایینی ئەو زاراوەیەی بەکارهێناوە، ئەو کاتەی کتێبێکی بەناوی (كتاب الفهرست) ناوناوە، هەرچۆن پێناسەی پێڕست لەفەرهەنگی (لسان العرب)دا بەو کتێبە هاتووە کە ناوی کتێبەکانی تێدا کۆدەکرێتەوە.(١)

لە(قطر المحيط)دا پێناسەی فراوانتر بۆ زاراوەکە کراوە و وتراوە "پێڕست نووسین"، واتا ئەو کارەی پێڕستی هەبێت، پێڕستیش کتێبێکە تیایدا ناوی کتێبەکانی تێدابێ، لەسەرەتایەوە یان لە کۆتاییدا ئاماژە بە هەموو بەشەکانو بابەتەکانیان دەکرێت تا وەکو هەر شتێ خوازیار بێ، بە ئاسانی بدۆزرێتەوە.(٢)

بەمانەدا دەردەکەوێ کەوا چەمکی پێڕست لەکۆندا یەك لە واتاکانی لیستی ناوەرۆکی کتێب بووە (Table of contents)، دیارە جیاوازییەکەش زۆرە لەگەڵ ئەو واتایەدا.

هەرچۆن پێناسەشی دەکەی بە (لیستی کتێبو بابەتی کتێبخانەیی دیکە کە بەپێی سیستمی دیاریکراو ڕێکخرابێت)، یاخود (لیستێکە بۆ تۆمارو پۆلێنو بەدیارخستنی ژمارەیەکی دیاریکراو لە کتێب، یان کتێبخانەیەکی دیاریکراو، یاخود چەند کتێبخانەیەك).(٣)

پێڕست بە کلیلی کتێبخانەو ڕێبەری دیاریکردنی جێگای بابەتە کتێبخانەییە جیاوازەکان لەسەر رەفەی کتێبخانە، دادەنرێت.

ئەگەر کتێبخانە ئەرکەکەی بریتیی بێت لە هێنانەکایەی بابەتە کتێبخانەییەکانو زانیاریی بێت بۆ سوودمەند، ئەوا پێڕست ئەو ئامرازەیە کە رۆڵی ئەڵقەی پەیوەندیی دەبینێت لە نێوان خوێنەرو بابەتە کتێبخانەییەکاندا، لەنێو بەشە جیاوازەکانو لەسەر رەفەکانی کتێبخانە دەستدەکەون.

هەندێك زاراوەکانی پێڕست Catalog و بیبلیۆگرافیا Biblographa و ڕێبەر Index، وەك زاراوەی بەرامبەر یەکتر بەکاردێنن، هەرچەندە جیاوازیی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، چونکە پێڕست: واتە لیستی بابەتە کتێبخانەییەکان کە لە کتێبخانەیەکدا هەبێت، یان کۆمەڵێ کتێبخانەی ریزبەندکراو بەپێی سیستمی دیاریکراو، کەواتە پێڕست، رێنیشاندەرە بۆ پێکهاتووی کتێبخانە، تاوەکو توێژەر لەڕێیەوە بتوانێ بابەتی کتێبخانەیی دیاریکراو وەدەستبخاتو لەبەشێ لەناوەرۆکیان، یان هەمووی تێبگات.

لەبەرئەوەش کە شوێنکەوتووی زانیاریی لەرێی پێڕستەوە دووان یان زیاتر لە دەروازەکان بەکاردێنێ، هەر بۆیە پێویستە پێڕست هەموو ئەو دەروازانەی تێدابێت، ئەمانیش وەك نووسەرو ناونیشانو بابەتو... تاد.

### بیبلیۆگرافیا

هونەری، یان زانستی وەسفکردنو پێناسەی کتێبو دەستنووسەکانە، بەدیارکردنی ناوی تەواوی کتێبەکەو ناوی نووسەر یان وەرگێڕ، لەگەڵ ناوی بڵاوکەرەوەو شوێنی بڵاوکردنەوەو مێژووەکەی، هەروەها قەبارەی کتێبەکەو ژمارەی لاپەڕەکانی.

یاخود، لیستێکە بە سەرچاوەکان یان دۆکۆمێنتی نووسەرێکی دیاریکراو، یان بڵاوکەرەوەیەکی دیاریکراو (بیبلیۆگرافیای بازرگانی) یاخود وڵاتێکی دیاریکراو (بیبلیۆگرافیای نیشتمانی)، یان بۆ بابەتێکی دیاریکراو (بیبلیۆگرافیای بابەتی)، بیبلیۆگرافیا توێژەر، دەگەیەنێتە سەرچاوەو دۆکمێنتەکان لەهەر کوێیەك بن بیبلیۆگرافیا، گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ئەمینداری کتێبخانەو توێژەران، لەبەر ئەوەی یارمەتییان دەدات لە جیاکردنەوەیان لە جیاوازیی چاپی کتێبەکانو رێنماییان دەکات لە جیاوازیی دەق، یان ناوەرۆکەکانیان.

### ڕێبەر

لیستێکە وەسفی بەشەکانو ناوەرۆکی دوکمێنتەکانو سەرچاوەکان دەکات، وەك وتاری خولاوەکان، یان بەشەکانی کتێب، یاخود بەڵگەنامەی کۆنگرەکانو... هتد، ڕێبەر پێڕست دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو تەواوکەرێتی، پێڕست گرنگی بەهەموویان دەدات، بەڵام ڕێبەر گرنگی بە بەشەکان دەدات، دەشێ شیکردنەوە بێ بۆ سەرچاوەکانی کتێبخانە، بەبێ ئەوەی شوێنەکانیان دیاری بکات.

لەو بۆچوونانەی پێشترەوە بۆمان دەردەکەوێت، چەندە لەیەکچوون لەنێوان هەر سێ چەمکە باسکراوەکەدا هەیە، هەموویان ئەو لیستانەن کە وەسفی سەرچاوەکان یان بەشەکانیان دەکەن، بەو پێیە هەموویان کاری بیبلیۆگرافیی یاخود ئامرازن بۆ گەڕاندنەوەی زانیارییەکان، بەڵام ناوی هەر یەکەیان رەنگدانەوەی مەبەست، یان ئامانجێکە کە لە پێناویدا ئامادە دەکرێن.

شایانی باسە، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە کتێبخانەکانو سەنتەری زانیارییەکاندا، بۆ بەرهەمهێنانی بیبلیۆگرافیای جیاوازە وادەکات چەمکەکان لەیەکتر نزیك بنەوە لە شێوە، یان ئامانجیاندا.

دۆکۆمێنتکردن، یان دۆکۆمێنتاری: شێوەیەکە لەشێوەکانی رێکخستنی بیبلیۆگرافی، کەوا پشت بە پێڕستو پۆلێن، یان بەش بەشکردن دەبەستێ، لەپێناوی گەیشتن بە زانیارییەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، دۆکۆمێنتاری بریتییە لەدانانی کورتە بۆ توێژینەوە دوورو درێژەکانو گەشەپێکردنی کەرەستە نوێیەکان، بۆ تێگەیشتن لەزانیارییەکان، وەکو وێنەگرتنی فیلم، واتە وێنەگرتنی سەرچاوەکان لەسەر فیلمی بچووکی microfilms، کەوا بێجگە لە پانتاییەکی یەکجار بچووك لەو فیلمانەدا، شتێك ناگرێتەوە.

دۆکۆمێنتاری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پەیدا بووە.

### پێڕست cotaloging

پێڕست: پرۆسەی دارشتنی پێڕستەکانە، یان پرۆسەی وەسفی هونەرییانەی بابەتەکانی زانیارییە بەو مەبەستەی ئەو بابەتانە بە ئاسانترین رێگاو بەکەمترین کات، بخرێنە بەردەستی سوودمەند.

پێڕست، بەوە پێناسەکراوە کەوا پرۆسەی ئامادەکاریی هونەرییانەیە بۆ سەرچاوەکانی زانیاریی لە کتێبو خولاوەکانو دەستنووسو بابەتەکانی بیستنو بینینو فیلمە بچووککراوەکان، تا بەئاسانیو لەماوەی کورتدا، سوودمەند لە کتێبخانەکاندا سوودیان لێ وەربگرێت.

هەرچۆن پێڕست دیاریکردنی بەرپرسیارییە لە هەبوونی سەرچاوەکای زانیاریی، لەگەڵ روونکردنەوەی سیما ماددیو فیکرییەکانی، ئەمە بێجگە لە ئامادەکردنی تۆماری تایبەت بۆیو ڕێکخستنی بەپێی سیستمی دیاریکراو، تاوەکو بەهۆیەوە خوێنەر بتوانێ بە سانایی بگاتە هەر زانیاریو توێژینەوەیەك کە مەبەستی بێت.

کەواتە پێڕست کارێکی هونەرییە، یان لایەنی هونەریی بابەتە کتێبخانەییەکان دەردەخات،(٤) ئەمەش گرنگترین کارێکە کە کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی ئەنجامی دەدەن، هاوکات ئاڵۆزترین کاریشە لەو جێگایانەدا، سوودی ئەنجامەکەشی دەبێتە ئامرازێ، یان هۆکارێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی جیهانێکی فراوان لە سەرچاوەکانی زانیاریو پێشکەش کردنیان بەشێوەیەی سیستماتیكو وەسف کراو، بۆ بەردەستی توێژەران لەسەرجەم پسپۆڕیو بوارەکاندا.

گەر پێناسەی پێڕست بکەین بەلیستێك بۆ بابەتی کتێبخانەیی، کە لەکتێبخانەیەکدا هەبێ، یاخود لەکۆمەڵێ کتێبخانەداو بەپێی پلانێکی دیاریکراو ڕێکخرابێ، ئەوا ئامادەکردنی ئەو لیستەیە بە (پێڕست) ناودەبرێت.

لەکتێبخانەدا پێڕستو پۆلێنی سەرجەم کتێبو سەرچاوەکانو شتی دیکەی وەکو سەرچاوەی زانیارییەکانو سیدیو کتێبی ئەلیکترۆنیو نەخشە دەکرێت، ئەویش بە بەکارهێنانی سیستمی پێڕستی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی، هەرچۆن پشتیش بە بنەماکانی پێڕستی ئەنگلۆ–ئەمریکی/ چاپی دووەم (AACR2) دەبەسترێت.

پیرستی ئەلکترۆنیش، تایبەت بەکتێبخانە بریتییە لەپێڕستی نووسەرانو پێڕستی ناونیشانو پێڕستی بابەت، ئەویش بۆ کارئاسانیی توێژەر بەمەبەستی گەیشتن بەو زانیاریانەی بەدوایاندا دەگەڕێت، لەسەرجەم کایەکانی بابەتی کتێبخانەدا، بەخێراییو کارایی.

هەرچۆن ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا لە گرنگترین خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی تایبەتمەندە، ئەویش بە بەدواداچوونی ئەو بابەتانەی لای توێژەرو سوودمەند گرنگ دەبن، پاشانیش ئامادەکردنی لیستی بیبلیۆگرافی کە گرنگترین کتێبو سەرچاوەو دوکیۆمێنتو وتاری خولاوەکانی نێو کتێبخانە دەگرێتەخۆ.

### بایەخی پێڕست

پێڕست پایەیەکی گرنگو دیاری هەیە لە زانستی کتێبخانەو دوکیۆمێنتو زانیارییەکاندا، چونکە دوا ئامانجی کۆنترۆڵکردنی زانیاریی مرۆییەو پێشکەش کردنیانە بەشێوەیەکی وەسفکراو و ڕێکخراو بۆ توێژەران لەسەرجەم بوارە زانستییەکاندا.

پێڕست جێگایەکی گرنگی لە کتێبخانەدا بەگشتیو کارە هونەرییەکاندا بەتایبەتی هەیە، هیچ کتێبخانەیەك یان سەنتەرێکی زانیاریی، قەوارەیان هەرچەند بێ، ناتوانن دەستبەرداری پێڕست ببن، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە بەسەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکان، یان شۆڕشی زانیارییەکان ناودەبرێت، چونکە بایەخدانی بەرچاو بە توێژینەوەو لیکۆڵینەوەکان لەسەرجەم بوارەکاندا، وایانکردوە لافاوێکی گەورە لەسەرچاوەکانی زانیاریی، چ وەك ژمارەو چ وەك جۆر دەردەکەوێت، لەئەنجامی ئەوەشدا کتێبخانەو سنتەرەکای دۆکیۆمینتاریو زانیاریی گەشەیان کردووەو مەحاڵە پشت بە کۆششی تاکە کەسو دەستیی ببەسترێت بۆ کۆنترۆڵی ئەو هەموو کۆمەڵانە.

هاوکات لەم دواییەدا سەرچاوەکانی زانیاریی فۆرمی تریان وەرگرتووەو بەتەنیا بریتی نین لەشێوە تەقلیدییەکانی وەکو کتێبو نامیلکەو بڵاوکراوەو رۆژنامەو راپۆرتو... تاد، بەڵکو بوونەتە شێوەی دیکەی وەکو بابەتەکانی بیستنو بینین بەفۆرمی جیاوازیانەوە، هەروەها بچووککراوە فیلمییەکانو دەرهاتەکانی کۆمپیوتەر.

ئەو زمانانەش کە بەرهەمی سەرچاوەکانی زانیاری دەهێنن، زیادیان کردووەو بابەتەکان بەزمانی جۆراوجۆر دەکەونە بەرچاو، هەرچەندە زمانی ئینگلیزی تا ئەم ساتە بەرێژەیەکی زۆر زاڵە بەسەر سەرچاوەکاندا، هاوکات بابەتی زانیارییەکان بەشێوەیەکی گەورە زیادیان کردووەو لەچاو جاراندا زۆرتر روو لەپسپۆڕین.

لەوەوبەر کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی لە لایەنی هونەریو رێکخستنیانەوە، گرفتی زۆریان لەبەردەمدا بوو، هەربۆیە پێویستی کرد میتۆدی داهێنراوی نوێ بدۆزرێتەوە بۆ کۆنترۆڵی زانیارییەکانو رێکخستنیان، تاوەکو کۆمەڵی سوودمەندان بە هەموو چەشنو بایەخو پسپۆرییانەوە، بەئاسانی بتوانن ئامانجیان بهێننە دی، هەر بۆیە هێنانە ئارای پێڕستی تەواو پێشکەوتوو ورد بووە کارێکی یەکجار پێویستی.

کەواتە پێڕست کارێکی هونەریی سەرەکیو گرنگە، ناکرێ کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی پشتی تێ بکەن، بەبێ ئەو دەبنە تەنیا گەنجینەیەك، ئاکامیش لەگەیاندنی ئەرکەکانیانو خزمەتگوزاریی سەرەکییان ناکام دەبن.

دەتوانرێ گرنگیی پێڕست لەم خاڵانەدا دیاری بکرێت:

١– ئامرازێکە بۆ رێکخستنی کاری بیبلیۆگرافی.
٢–ئامرازێکە بۆ گەڕاندنەوەی زانیارییەکان.
٣–ئامرازێکە بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵەی دانراوەکان بەپێی بابەتەکانیان.
٤–وەك لیستێك دەبێ بۆ گرتنەخۆی بابەتە کتێبخانەییەکان.

سەرکەوتوویی کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی، بەڕادەیەکی زۆر بەندە بە سەرکەوتوویی کاری پێڕستو ئامادەکردنی پێڕستەکان بەڕێگای زانستییەوە.

### پێڕستو پێڕستەکات

هەموو پیشەیەکی مەزن لەهەوڵی پێشکەوتندا دەبێت، پیشەی کتێبخانەو زانیاییەکانیش بەبایەخەوە تەماشا دەکرێو شێلگیریی هەیە، بۆ گەشەپێدانی پێکهاتووە مادیو هونەرییەکانی، ئەویش بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی کە کتێبخانەکان لەپێناویاندا دامەزراوە.

لێرەوە، بابەتی پێڕستی دەبێتە گرنگترین بابەت بۆ توێژینەوەی کتیبخانەو سەنتەری زانیارییەکان، دیارە ئەم بابەتە کرۆکی کارە هونەرییەکانە، بێ ئەویش کتێبخانەو سەنتەری زانیاریی، تەنیا دەبنە گەنجینەیەكو سوودمەند هیچ کەڵکێکیان لێ نابینێ.

**سەرنج: لە کاتی وەرگێڕانی بەشەکانی کتێبەکەدا، هەندێ پەرەگرافو رستەو دەستەواژەی زۆر تایبەت بە زمانی عەرەبی، کە خوێنەری کوردزمان هیچ سوودیان لێ نابینێت، لابراون، لەبەر ئەمانەتی وەرگێڕان ئەم ئاماژەیە دەکەین.**

* د.شاكر السعيد، علم الفهرسة والتوثيق، عمان، ٢٠٠٦.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library

NO. 5 – 13/2/2010

## غەریب پشدەری

## کتێبخانەکەی کردە دیاریی بۆ شارەکەی

ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٣، شاعیرو وەرگێڕی ناسراو، غەریب پشدەری، کتێبخانە شەخسییەکەی خۆی کە نزیکەی ٣٠٠٠چاپکراوە، کردە دیاریی کتێبخانەی گشتیی قەڵادزە.

لەئاهەنگێکدا کە روناك خانی هاوسەری پشدەری، کتێبخانەکەی بەڕووی خوێنەراندا واڵاکرد، قائمقامی قەزای پشدەرو بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکانو ژمارەیەك لە ئەدیبو روناکبیرانی ناوچەکە، کەئامادەی ئاهەنگەکە بوون، سوپاسی ئەو هەڵوێستەی مامۆستا پشدەرییان کرد.

هەمان ڕۆژ بەئامادەبوونی ناوبراوانو بەڕێوەبەرانی هەردوو ناحیەی سەنگەسەرو ژاراوەو ژمارەیەکی زۆر لەمیوانان، لەلایەن مامۆستا زیاد حەمەد ئەمین کتێبخانەی گشتیی ژاراوە کرایەوەو بەو بۆنەیەوە چەند وتارێك پێشکەش کراو هەموو جەختیان لە بایەخی کتێبخانەکە دەکرد بۆ ناوچەکە.

## سێ یەکی تونسییەکان بەدرێژایی ژیانیان کتێبێکیان نەخوێندۆتەوە



**روناك ڕەفیق**

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی کە لەم مانگەدا لەوڵاتی تونس ئەنجامدراوەو ڕۆژنامەی (الزمان)بڵاویکردۆتەوە، دەرکەوتووە سێ یەکی تونسییەکان بەدرێژایی تەمەنیان تەنها کتێبێکیشیان نەخوێندۆتەوە، بەپێی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە، کە لیژنەی نیشتمانی بۆ راوێژکاری دەربارەی کتێبو خوێندنەوە ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە (٢٢,٧٤٪)ی هاوڵاتیانی تونسی بەدرێژایی ژیانیان تەنها کتێبێکیشیان نەخوێندۆتەوە، لەهەر بوارێکدا بێت.

لێکۆڵینەوەکە لەسەر ١٠٢٩ کەس بەجیاوازی تەمەنو پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لەماوەی نێوان (٢٠٠٩/١٢/٢٥ تا ٢٠١٠/١/٥) ئەنجامدراوە.

## جیهانی کاغەز



**بێستون فەرهاد**

ڕۆژانی ٣٠ی کانونی دووەم تا ٢ی شوبات، پێشانگای (Paperworld)ی بازرگانیی نێودەوڵەتی بۆ کاغەزو پێداویستییەکانی قوتابخانەو ئۆفیسو چاپخانەکان لە فرانکفۆرت ئەم مەین، لە ئەڵمانیا بەڕێوەچوو.

لەم پێشانگایەدا، کە بە گەورەترین پێشانگای لەمجۆرە لە ئەوروپا دادەنرێ، چەندین کۆمپانیای بازرگانیی تایبەت بە کەرەستەکانی نووسینو خوێندنەوە، وەك کاغەزو قەڵەمو ئامێرەکانی چاپ، کە وەك پێداویستییەکانی قوتابخانەو ئۆفیسو ماڵەوە بەکاردێن، بە نوێترین بەرهەمەکانیان بەشدارییان کرد کە بەسەر چەندین کەرت دابەشکرابوو، وەك: کەرەستەکانی قوتابخانە، پێداویستییەکانی ماڵو ئۆفیس، یارمەتیدەرەکانی چاپو چەندینی دیکە بە دیزاینو رەنگو قەبارەی جیاجیاوە.

لەمیانی پیشانگاکەدا، چەندین چالاکی سەیر ئەنجامدەدرێ، کە ئەمساڵ یەکێك لەوانە دروستکردنی پردی گۆڵدن گەیتی سان فرانسیسکۆ لە ئەمریکا بوو، کە بە سەدان قەڵەمی تیادا بەکارهاتبوو.

paperworld.messefrankfurt.com

## هەڵکشانی چاپی کتێب لە کوردستاندا

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، لە ساڵانی نێوان ٢٠٠٥-٢٠٠٩ هەزاران کتێب ژمارەی سپاردنیان پێدراوەو ئەوەش بەرزبوونەوەی رێژەی چاپکردنی کتێب لەکوردستاندا دەردەخەن، کە بەم شێوەیە بووە:

| تێکرای ژمارە سپاردنەکان | بۆ ساڵی | لەپارێزگای |
| --- | --- | --- |
| ٨٣٦ | ٢٠٠٥ | هەولێر-دهۆك |
| ١٠١١ | ٢٠٠٦ | هەلێر-دهۆك |
| ١٤١٢ | ٢٠٠٧ | هەولێر-دهۆك |
| ٢٧٠٨ | ٢٠٠٨ | هەولێر-دهۆك-سلێمانی |
| ٢٦٨٠ | ٢٠٠٩ | هەولێر-دهۆك-سلێمانی |




## تەکسی

## لەنێوان ١٠ باشترین کتێبی چاپکراوی فەڕەنسادایە



**ڕێبوار**

گۆڤاری (Courrier international)ی فەڕەنسی کە بەیەکێك لەگۆڤارە سیاسییە جەماوەرییەکانی فەڕەنسا دادەنرێت، کتێبی (تەکسی)ی نووسەر (خالد ئەلخەمیسی) لەنێو ١٠ باشترین کتێبی چاپکراوی فەڕەنسا لەساڵی ٢٠٠٩دا دانا، کە پێویستە بخوێنرێنەوە.

کتێبی تەکسی لەبنەڕەتدا بەزمانی عەرەبی نووسراوەو وەرگێڕدراوەتە سەر هەریەکە لەزمانەکانی (ئینگلیزی، ئیتالی، ئیسپانی)و دواجاریش فەڕەنسی.

ئەم کتێبە پڕفرۆشترین کتێبی ساڵی رابردوو بووە لەمیسرو تائێستا (١٧) جار چاپ کراوەتەوەو زیاتر لە (٧٥) هەزار دانەی لەماوەی (١٨) مانگدا لێفرۆشراوە.

کتێبەکە بریتییە لەکۆمەڵە دیالۆگێك لەنێوان گێڕەوەو شۆفێری تەکسییەکاندا لەقاهیرە، کە تێیدا بەویەڕی راشکاوییەوە باس لەبارودۆخی سیاسیو ئابووری وڵاتەکەیان دەکەن.

هەروەها باس لەمەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی میسری دەکەن وەك خۆپیشاندانەکانو سێکسو ژیانی رۆژانەیانو کێشە تاکەکەسییەکانیان.

خالد ئەلخەمیس هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەزانستە سیاسییەکاندا لەزانکۆی سۆربۆن.

لەبوارەکانی رۆژنامەنووسیو دەرهێنانو بەرهەمهێنانو سیناریۆ نووسینو سەرقاڵەو چەندین کتێبی لەبواری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیی سیاسیدا نووسیوە.

www.boswtol.com

سەرنووسەر
یاسین قادر بەرزنجی

راوێژکاران
ئاری بابان - شێرزاد سەعید

ستافی کارا
تابان حەسەن - بوار نورەدین - ساکار عەلی

نەخشەساز
مەهدی ئەحمەد

تایپو هەڵەبڕی
بەیان عەلی - بەهرە عیزەدین

کارگێڕی
ئاشتی دانش

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتیی

ت: ٣١٢٢٧١٦

Email: asoyktebkhana@yahoo.com